# اكتشاف واستخراج وقيمة النفط في العراق (١٨٧٠- ١٩٤٥)

م.م.سركوت شريف اسماعيل١

م.م. احمد محمدأمين قادر٢

١- قسم الادارة، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة جرمو
٢- قسم التاريخ، فاكلتي التربية، جامعة كوية

1- sarkawt.shareef@chu.edu.iq
2- ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org

**الكلمات المفتاحية**: اكتشاف , النفط , العراق , استخراج

**كيفية اقتباس البحث**

اسماعيل, سركوت شريف , احمد محمدأمين قادر, اكتشاف واستخراج وقيمة النفط في العراق (١٨٧٠– ١٩٤٥),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Discovery, Extraction, and Value of Oil in Iraq (1870-1945)

**Sarkawt Sharif Ismail 1**
**Ahmed Mohammed Amin Qadir 2**
**1- Department of Management, College of Administration and Economics, University of Jarmo**

**2- Department of History, Faculty of Education, University of Koya**

**Keywords** : Discovery, Oil, Iraq, Extraction

**How To Cite This Article**
Ismail , Sarkawt Sharif , Ahmed Mohammed Amin Qadir , Discovery, Extraction, and Value of Oil in Iraq (1870-1945) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Summary:

This study focuses on the early discovery of oil in Iraq by European explorers, especially German scientists in the second half of the nineteenth century The discovery of oil has attracted Europeans to Iraq and their greed for its oil. He then describes the efforts to gain rights by offering projects such as the German Baghdad-Berlin railway, the creation of British companies and the mobilization of their bank capital with the Ottomans Ottoman oil fields, especially Iraq. He also explains the reasons that led to the invasion of Iraq, above all the issue of oil and the discovery of such large quantities in the same country. With the impact of the same factor in the conflict of the winners of World War I, the formation of Iraq's size, agreements and alliances,

oil revenues and its impact on the elements of Iraqi governance and how and how Iraq-UK relations affecting the issue of oil. Despite the struggle of Western multinational companies over the rights and shares of Iraq's oil fields and exporting the same country's products to world markets as the first country in the Middle East. With the impact of the article in the events of World War II on Iraq's position in that situation.

**ملخص:**

تركز هذه الدراسة على الاكتشاف المبكر للنفط في العراق على يد المستكشفين الأوروبيين، وخاصة العلماء الألمان، في النصف الثاني من القرن التاسع عشر. وقد جذب اكتشاف النفط الأوروبيين إلى العراق، وأثار طمعهم فيه. ثم يصف المؤلف الجهود المبذولة للحصول على حقوق النفط من خلال تقديم مشاريع مثل خط سكة حديد بغداد-برلين الألماني، وإنشاء شركات بريطانية، وتعبئة رؤوس أموالها المصرفية مع العثمانيين. كما يشرح الأسباب التي أدت إلى غزو العراق، وعلى رأسها قضية النفط واكتشاف هذه الكميات الهائلة منه في البلد نفسه. ويتناول تأثير هذا العامل في صراع المنتصرين في الحرب العالمية الأولى، وتكوين العراق، وحجمه، والاتفاقيات والتحالفات، وعائدات النفط، وتأثيرها على عناصر الحكم العراقي، وكيف أثرت العلاقات العراقية البريطانية على قضية النفط. ويتطرق إلى صراع الشركات الغربية متعددة الجنسيات على حقوق وحصص حقول النفط العراقية، وتصدير منتجات هذا البلد إلى الأسواق العالمية، باعتباره أول دولة في الشرق الأوسط. مع تأثير المقال على أحداث الحرب العالمية الثانية على موقف العراق في ذلك الموقف.

## دۆزینەوەو دەرهێنان و بایەخی پترۆڵ لەعێراقدا (١٨٧٠- ١٩٤٥)

م.م. سەرکووت شەریف ئیسماعیل١

ملیمەتر. ئەحمەد محمد ئەمین قادر٢

١- بەشی کارگێری، فاکەڵتی کارگێری و ئابووری، زانکۆی جەرمۆ

٢- بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیـە تیشـك دەخاتەسـەر سـەرەتای دۆزینـەوەی پـترۆڵ لەعێراقـدا لەلایـەن گەڕیـدەو زانـا ئەوروپیەکانـەوە، بەتایبـەتیش زانـا ئەڵمانیـەکان لـەنیوەی دووەمی سـەدەی نۆزدەهەم، کەچۆن دۆزینەوەی پترۆڵ کاریگەری دروستکردووە لەسەرنج ڕاکێشان و هاتنی ئەوروپیـەکان بـۆ عـێراق و تـەماح و چاوتێبڕینیـان لەپترۆڵەکـەی. پاشـان ئـەو هەوڵانـە دەخاتەڕوو کەچۆن لەڕێگای پێشکەشکردنی پرۆژەی چەشنی (هێڵی ئاسنی بەغدا- بەرلین)ی ئەڵمانەکان و دروستکردنی کۆمپانیاکانی بەریتانیا و بەگەڕخستنی سەرمایەی بانکەکانیان لەگەڵ عوسمانیەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافی جیاووگی پترۆڵی خاکی ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانیەکان، بەتایبەتیش خاکی عێراق. هەروەها ئەو هۆکارانە شیدەکاتەوە کەبوونە هۆی داگیرکردنی عێراق، لەسەرووی هەمووشیانەوە بابەتی پترۆڵ و دۆزینەوەی بەو بڕو ڕێژە زۆرە لەهەمان وڵاتدا. لەگەڵ کاریگەری فاکتەری هەمان بابەت لەململانێی زلهێزەکانی براوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و دروستکردنی قەوارەی عێراق و ڕێکەوتن و هاوپەیمانیەکان و داهاتی پترۆڵ و کاریگەرییەکەی لەسەر تـوخمی حکـومڕانی عـێراق و چـۆنێتی و شـێوازی پەیوەندییەکانی عێراق و بەریتانیا بەکارتێکردنی بابەتی پترۆڵ. سەربارى ململانێی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر ماف و پشکی بەدەستهاتووی جیاووگی پترۆڵی عێراق و ناردنەوەی دەرەوەی بەرهەمی هەمان وڵات بۆ بازاڕەکانی جیهانی وەکو یەکەمین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەگەڵ کاریگەری ئەو ماددەیە لەڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر هەڵوێست و پێگەی عێراق لەو دۆخەدا.

وشەی سەرەکی: دۆزینەوە، نەوت، عێراق، دەرهێنان

**پێشەکی:**

پترۆڵ وەك سەرچاوەیەکی گرنگی ووزە، کەماددەیەکی سروشتیەو لەچینە ڕەقەکانی ژێر زەوی لەچەشنی بەردو ماددە شلەکانی تر لەچەشنی ڕۆن (چەوری) دروست دەبێ، هەروەها بنەچەی چەمکەکە لاتینیە (Petroleum)، کەبەمانای ڕۆنی بەردی دێت. ئەم سەرچاوە گرنگەی ووزە مێژووی پەیدابوونی لەگەڵ مێژووی مرۆڤ دەست پێدەکات، بەڵام ناسین و بەکارهێنانەکەی سەرەتا سادەو ساکار بووەو لەشتی سەرەتایی وەکو ئاگرکردنەوەو ڕەنگرێژکردنی ڕێگاوبانەکان و مۆمیاکردنی مردووەکاندا بەکارهاتووە. لەگەڵ گەشەکردنی ژیانی مرۆڤایەتیشدا بایەخی ئەم ماددەیە زیاتر دەرکەوتووە لەسەرتاسەری جیهاندا، بەتایبەتیش لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە. عێراقیش وەکو یەکێك لەدەوڵەمەندانی ئەو سەرچاوەیە لەیەکەمینەکانی دۆزینەوەو بەکارهێنانی بووە لەلایەن دانیشتوانی کۆن و نوێیەوە، بگرە یەکەمین دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بووە ئەم ماددەیەی لێدەرهێناوە و وەکو کاڵایەکی بازرگانی ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان کراوە بۆ فرۆشتن لەساڵی ١٩٢٧.

## قۆناغی یەکەم: دۆزینەوەی پترۆڵ، تا ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٨٧٠- ١٩١٤)

لەو خاکەی کەئەمڕۆ پێی دەڵێن عێراق و پێشووتریش (میزۆپۆتامیا)[١]، بوونی پترۆڵ مێژوویەکی کۆنی هەیەو نوێ نیە، بەڵام بەکارهێنانەکەی سادەو ساکار بووەو زانستی نەبووە(Al-Ayad,1979,P10؛خليل،١٩٨٠،ص١٩). لەمێژووی شارستانیەتی کۆنی میزۆپۆتامیادا، پترۆڵی خاوو شێوەکانی پێگەیەکی گرنگ و بایەخداری هەبووە لەوڵاتەکەدا، کەچوار هەزار ساڵ لەمەوبەر مێژوونووسی گریکی (هێرودۆتس) کەلەلایەن (دیۆدۆرسەوە) جەختی لەسەرکردۆتەوەو ئاماژەی پێدراوە(عبدالعزیز،٢٠١١،ل٤٤). لەم ڕووەوە سۆمەرییەکان ماددەی ئەسفەلت و قیریان بەکارهێناوە لەدروستکردنی دیوارو قولەکانی شاری بابلدا، کەماددەکەیان لەشاری کفرییەوە هێناوە. بابلیەکانیش کەدانیشتووی کۆنی عێراق بوونە پترۆڵیان ناسیوەو بەکاریانهێناوە، کەپترۆڵەکە لەسەر ڕووی زەوی خۆی هاتۆتە دەرەوە لەشێوەی کانیاوو نافورەو گۆماودابووە(الريحاني،د.ت،ص٨). هەروەها لەدەوروبەری ساڵانی (٦٠٤- ٦٥٢ پ.ز) لەسەردەمی نەبووخزنەسەردا (٦٠٤- ٥١٦ پ.ز)دا، بابلیەکان بەپترۆڵ و ئەسفەلت ئاگریان بەرداوەتە ئاگردانی ئاتوون و بڵێسەکەی نزیکەی ٤٩ پێ بەرزبۆتەوە، ئەمەو سەرباری بەکارهێنانی پترۆڵ لەبوارەکانی بیناسازی و کەشتیگەلیشیدا سوودیان لێ بینیوە(عبدالعزیز،٢٠١١،ل٤٤-٤٦؛اسماعيل،١٩٨٩،ص١٣).

ئاشوورییەکانیش پترۆڵ و هاوشێوەکانی بۆ ناوپۆشکردنی پەرستگاکان و کەشتیەکانیان بەکاریانهێناوە. پاشا سەنحاریب لەدەوروبەری ساڵانی (٧٠٠ پ.ز) بۆ ڕێکخستنی ڕێڕەوی ئاوی سیستەمێکی نوێی بەکارهێناوە بۆ جۆگەلەی ڕووبارەکان لەناوچەکانی کوردستان، کەتیایدا قیری بەکارهێناوە بۆ ئەم کارە. لەبواری پزیشکیش بەتایبەتی نەشتەرگەی و سزادانی تاوانباران کەقیریان بەسەردا کردوون بەکارهاتووە. لەسەردەمی پاشا (ئاشور پانیباڵ)یش لەدەوروبەری (٦٥٠ پ.ز) دەقێکی ئاشووری ئاماژە بەبوونی نەوتی سپی دەکات لەعێراقدا(عبدالعزیز،٢٠١١،ل٤٦؛السامرائي، ١٩٦٨،ص أ؛السماك،١٩٨١،ص٣٦).

لەسەردەمی عەباسیەکانیشدا پترۆڵ لەبواری جیاجیادا بەکارهاتووە، بەتایبەتی لەڕووناکردنەوەی شارەکان و شوێنە قەرەباڵغیەکاندا، فانوسی عەلادینیش یەك لەو ئامێرە

---

[١] ناوچەیەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە لەناو سیستەمی ڕووباری دیجلەو فورات، کەدەکاتە عێراقی ئەمڕۆ، میزۆپۆتامیا شوێنی سەرەتاییترین پێشکەوتنەکانی شۆڕشی چاخی بەردینی نوێیە لە دەوروبەری (١٠ هەزار ساڵ پێش زایین)، وەک ئەوە دەستنیشان کراوە کە ئیلهامبەخش بووە بۆ هەندێک لە گرنگترین پێشهاتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، لەوانە چاندنی یەکەم بەرهەمی دانەوێڵە، پەرەپێدانی ڕێنووسی کۆرسیف، بیرکاری، فەلەکناسی و کشتوکاڵ". وەک شانەدانی هەندێک لە شارستانییەتە سەرەتاییەکانی جیهان ناسراوە. هەروەها شوێنی نیشتەجێ بوونی هەریەك لەسۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان و ئاشورییەکان بووە، کەکاریگەری گەورەیان هەبووە لەمێژووی عێراق و ناوچەکەشدا. بڕوانە: Wikipedia/Mesopotamia

دروستكراوانەبووە کەپشتی بەپترۆڵ بەستووە بۆ رووناکی ئاگرەکەی. لەسەردەمی هارون رەشیدیشدا لەبواری سەربازیدا بەتوندی لەدژی دوژمن و ناحەزەکانی بەکاریهێناوەو تیمێکی تایبەتیشیان بەناوی (زراقون) بۆ ئەم کارە دروستکردووە(عبدالعزيز،٢٠١١،ل٤٧).

بەم جۆرە بوونی پترۆڵ و ناسین و بەکارهێنانی لەلایەن دانیشتوانی کۆنی عێراقەوە ئاماژەیەکی روونە کەئەم سەرچاوە گرنگەی ووزە مێژووییەکی دێرینی هەیە لەم وڵاتەداو بایەخ و گرنگی لەسەرەتاوە هەبووەو وەکو ماددەیەکی گرنگی بواری ژیان، کەتیایدا مرۆڤ کارئاسانی بۆخۆیی و گوزەرانی بکات بەکارهاتووە، لەلایەکی تریشەوە بوونی برێکی زۆر لەم ووزەیە لەپاڵ سەرچاوەی ئاوی هەردوو رووباری دیجلەو فوراتدا، گرنگیەکی زیاتری بەم خاکە داوەو وایکردووە ببێتە جێنیشنگەی سەرەتایی ژیانی مرۆڤ.

بەڵام گرنگی پترۆڵ و گەڕان و دەرهێنان و پاڵاوتن و بەکارهێنانی بەم شێوەیەی ئەمڕۆ، لەمێژووی نوێوە دەست پێدەکات و دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە(السماك،١٩٨١،ص٣٧)، ئەویش کاتێك نێردراوە ئەڵمانەکان روویان کردۆتە ناوچەکانی عێراق و کەوتونەتە گەڕان و پشکنینی پترۆڵ لەناوچەکەدا، بۆ ئەم مەبەستەش ساڵی ١٨٧٠ ئەم نێردراوانە دڵنیابیانەوە لەبوونی پترۆڵ بەرێژەیەکی زۆر لەعێراقدا(خليل،١٩٨٠،ص٢٠؛السماك،١٩٨٧،ص٢١٧). کەهاوزەمان بوو لەگەڵ سەردەمی حوکمی (مەدحەت پاشا)* لەعێراقدا، ئەمەش وای لەسوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم کرد (١٨٧٦- ١٩٠٩) ناوچەیەکی فراوانی عێراق بکات بەناوی خۆیی و خێزانەکەیەوەو قەدەغەی بکات کەس مافی ئەوەی هەبێ مامەڵەیان پێوەبکات، بەتایبەتیش دوای ئەوەی (گولبەنکیان)** ساڵی ١٨٩٠ راپۆرتێکی گرنگی بۆ سوڵتانی عوسمانی بەرزکردەوە دەربارەی گرنگی و بوونی رێژەیەکی زۆری پترۆڵ لە عێراقدا(فيني،١٩٦٠،ص٤٦؛م.ب،د.ت،ص٨).

بوونی پترۆڵ بەو رێژە زۆرە لەعێراقدا وایکرد ململانێی دەسختستنی جیاووگی پترۆڵی و هێڵی ئاسنین لەنێوان دەوڵەتانی زلهێزی ئەوکاتە، بەتایبەتیش کۆمپانیا بەریتانی و ئەڵمانیەکاندا زۆر توندبێ (م.ن،د.ت، ص٨)، لەم رووەوە ئیمپراتۆری ئەڵمانی ساڵی ١٨٨٨ سەردانێکی ئیستەنبوڵی کردو بڕوای بەسوڵتانی عوسمانی هێنا کەهێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ بەهاوکاری بانکی ئەڵمانی دابمەزرێنن لە ١٨٩٠، تا لەو رێگایەوە دەستی بگات بەپترۆڵی عێراق (و.ا،١٩٧٢،ص١١)،

* ناوبراو لەنێوان ساڵانی (١٩٦٩- ١٩٧٢) والی عوسمانیەکان بوو لەبەغدا، بەهاوکاری پسپۆڕە ئەڵمانەکان بۆ یەکەمجار هەستا بەگەشەپێدانی کانگا پترۆڵیەکان، ئەویش کاتێك کارگەیەکی پاڵاوتنی دامەزراند لەبەعقوبە بۆ پاڵاوتنی پترۆڵی دەرهاتووی ناوچەکانی مەندەلی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(خليل،١٩٨٠،ص١٩).

** راوێژکارێکی دڵسۆزی ئینگلیزەکان بوو لای عوسمانیەکان، هەرچەندە بەبنەچە ئەرمەنی بوو، بەڵام خاوەنی رەگەزنامەی بەریتانی بوو. ناوی تەواوی (سالۆس سەرکیس کۆلبنکیان) بوو، پۆستی گرنگی لەپایتەختی عوسمانیەکان وەکو نوێنەری ئینگلیزەکان وەرگرتووە، سەرباری ئەوەی خۆی کۆمپانیای بواری پترۆڵی هەبوو، بەڵام رۆڵیکی گرنگی بینیوە لەوەرگرتنی جیاووگی پترۆڵ و رێکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی و کۆمپانیا پترۆڵیەکان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :(العلوجي واللامي،ج١، ١٩٧٣؛الفتلاوي والزبيد،ج٤، ٢٠١٧،ص٣٥٠).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

ئەمەش راستەوخۆ دەسگیرۆیی ئەڵمانیای کرد زیاتر پەلبهاوێ بەرەو ناوچەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی لەرێگای ئەم جۆرە رێکەوتنامانەوە، بەتایبەتیش لەوکاتەدا کەعێراق لەژێردەستی عوسمانیەکاندابوو. هەر لەم کاتەشداو ساڵی ١٨٩٥ فەرەنسیەکان لەرێگای زیادکردنی بەرهەمی پترۆل لەگیارەو خورماتوو و بابەگورگورِ هەوڵیاندا دەستیان بگات بەجیاووگی پترۆڵی لەعێراق، بەڵام بەهۆی ململانێی توندی نێودەوڵەتی لەم بوارەداو لەناو قەڵەمرەوی دەوڵەتی عوسمانی کەتا رادەیەکی زۆر بووبونە هاوپەیمانی ئەڵمانەکان، فەرەنسیەکان نەیانتوانی هیچ جۆرە جیاووگێك دەسبخەن(عبد، ٢٠١٣،ص٧).

گرنگی و بایەخی پترۆڵی عێراق لای ئەڵمانەکان زیاتربوو، کاتێك نێردراوەکانیان ساڵی ١٩٠١ راپۆرتی ئەوەیان بەرزکردەوە بۆ حکومەتەکەیان کەپترۆڵی داهاتووی عێراق زۆر باشترە لەپترۆڵی رووسی لەدەریای قەزوین(عبد، ٢٠١٣،ص١١)، لەلایەکی تریشەوە رێکەوتنی حکومەتی بەریتانی و قاجارەکان لەسەر پترۆڵی ئێران لەرێگای کۆمپانیای ولیام دارسیەوە ساڵی ١٩٠١ بۆ ماوەی شەست ساڵ(خلیل،١٩٨٠، ص٢٣)، ئەڵمانەکانی زیاتر هاندا بکەونەخۆ بۆ دەسخستنی جیاووگی پترۆڵی عێراق لەرێگای دەوڵەتی عوسمانیەوە، ئەوەبوو ئەڵمانەکان متمانەیان زیاتر لەلای عوسمانیەکان دروستکردو لەئازاری ١٩٠٣ رێکەوتنامەی هێڵی ئاسنی (بەغدا-بەرلین)[*]یان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی واژۆکرد، بەمەش بەتەواوی دەستیان دەگەیشت بەجیاووگی پترۆڵی زۆربەی ناوچە پترۆڵیەکانی عێراق، بەڵام بەهۆی پەشیمانبوونەوەی سوڵتانی عوسمانی چەندجارێك لەهەندێك برگەی رێکەوتنامەکان و لەسەرکارلادانی ناوبراو لەدەسەڵات لەلایەن تورکە لاوەکانەوە ساڵی ١٩٠٨، لەلایەك ئەڵمانەکان نەیانتوانی پرۆژەکەیان تەواوبکەن، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هاتنە ناوەوەی کۆمپانیا بەریتانی و ئەمریکییەکانەوەو بوونی ململانێیەکی توند لەنێوان هەرسێ لایەنی ئەڵمانی و بەریتانی و ئەمریکی، حکومەتی عوسمانیەکان (تورکە لاوەکان) بڕیارياندا مافی جیاووگی پترۆڵی تا دوای ساڵی ١٩٠٩ بوەستێنن(بریماکوف،١٩٨٤،ص١٨).

بەریتانیەکان بەم کارەی عوسمانیەکان نەوەستان و بۆ تێکدانی جیاووگی هێڵی ئاسنی (بەغدا-بەرلین)ی ئەڵمانەکان، سیاسەتی راڕایی و فریودانی داراییان بەرامبەر حکومەتی عوسمانیەکان

[*] ئەم پرۆژەیە هێڵێکی ئاسنین بوو لەبەرلینی پایتەختی ئەڵمانیاوە دەستی پێدەکردو دەگەیشتە بەغداو بەسرەی عێراق بەچەند قۆناغێك، ئەم پرۆژەیە جگە لەناوچەکانی ئەوروپا، زۆربەی ئەو ناوچە گرنگانەی دەوڵەتی عوسمانی دەگرتەوە کەدەکەوتە نێوان دەریای رەش و دەریای ناوەڕاست، وەناوچەکانی سوریاو میزۆپۆتامیاشی دەگرتەوە کەرێگای هاتووچۆی نێوان ئاسیاو ئەوروپابوو، جگە لەمانەش لەبەندی ٢٢ی رێکەوتنەکەدا ئەوە هاتبوو ماف دەدرێ بەکۆمپانیاکە بەدرێژایی ٢٠کم ئەمبەرو ئەوبەری هێڵەکە سوود لەو کانگانە ببینێ لەکاتی دۆزینەوەیان، بەمەش ناوچە پترۆڵیەکانی ئەمبەرو ئەوبەری رووباری دیجلە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیەکەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(الفتلاوي والزبيدي،ج٢، ٢٠١٣،ص١٦٩-١٧٢؛عبدالعزيز،٢٠١١،ل١٠١-١٠٧).




(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەکارهێنا، ئەوەبوو هەستان (بانکی نیشتمانی تورکی)** یان ساڵی ١٩١٠ دامەزراند، ئەم بانکەش ڕێژەیەکی زۆری پترۆڵی عێراق بەرکەوت لەرێگای وەبەرهێنانەوە(علي،٢٠١٥،ص٥٦؛جبار،٢٠١٠،ص٢٢)، بەڵام بەریتانیەکان لەبەر هەرەشەو مەترسی هاتنە ناوەوەی کۆمپانیا ئەمریکیەکان و ململانێی توندی ئەڵمانەکان، نەیانتوانی بەتەنیا دەستبگرن بەسەر جیاووگی پترۆڵی عێراقدا، بۆیە ئەم ترسە لەئەمریکیەکان هەردوولایەنی بەریتانی و ئەڵمانی یەکخست و ساڵی ١٩١١ کۆمپانیای (جیاووگی ئەفریقی- ڕۆژهەڵاتی سنوردار)یان (The African and Eastern Concessions Ltd) دامەزراند، بەسەرمایەی (٥٠) پەنجا هەزار پاوەن، کەتیایدا بەرێژەی ٢٥% بۆ بانکی ئەڵمانی و ٧٥% بۆ بانکی نیشتیمانی تورکی، (کەئەم رێژەیەش دابەشدەبوو لەنێوان کۆمپانیاو کەسایەتیەکانی نزیکی بەریتانیا خۆی)، کەرووپێوی هەندێك خاکی عێراق بکەن و بچنە ناو ڕێکەوتنێکی نوێوە بۆ پێشخستنی کێڵگە پترۆڵیەکانی عێراق(خليل،١٩٨٠،ص٢٦-٢٧؛الموسوي، ١٩٧٣،ص١١؛السماك،١٩٨٧،ص٢١٨).

لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩١٢ کۆمپانیا تازە دامەزراوەکەش بڕیاریدا ناوی کۆمپانیاکەی بگۆرێ بە(کۆمپانیای پترۆڵی تورکی)* The Turkish Petroleum Company و سەرمایەکەی بەرزبکاتەوە بۆ (٨٠) هەشتا هەزار پاوەن، لە٢٣ی کانونی یەکەمی هەمان ساڵیشدا کۆمپانیاکەو بانکی ئەڵمانی ڕێکەوتن، کەبانکی ئەڵمانی دەسهەڵبگرێ لەپشکەکانی خۆی لەجیاووگی هێڵی ئاسنی بەغدا- بەرلین بەرامبەر لە ٢٥% قازانجی خۆرِایی کۆمپانیەکە(الجبوري،٢٠٠٥،ص١١٤؛خليل،١٩٨٠،ص٢٧). لەمارسی ١٩١٤یش گەیشتنە هەموارکردنەوەیەك بەوەی هەردوو حکومەتی بەریتانی و ئەڵمانی و بانکی ئەهلی تورکی و کۆمپانیای پترۆڵی ئینگلیزی- فارسی، کەپشکەکان بەم شێوەیەی لێهات(السماك،١٩٨١،ص٤١):

٥٠% بۆ کۆمپانیای پترۆڵی ئینگلیزی- فارسی (گروپەکەی دارسی)

٢٥% بۆ بانکی ئەڵمانی

---

** ئەم بانکە بەپارەی بەریتانیەکان دامەزرێنرا لەپێناو قازانج و دەسراگەیشتنی بەریتانیەکان بەجیاووگی پترۆڵی عوسمانیەکان لەخاکی عێراقدا، هاندەری ئەم کارە ( سێر ئارنست کاسل)بوو کەبەرەگەز ئەڵمانیش بوو، کەهانی بەریتانیەکانیدا هەستن بەپرۆژەی وەبەرهێنان و بەگەڕخستنی سەرمایە لەخاکی عوسمانیەکاندا، وەراوێژیش بەگولبەنکیان بکرێ کەپسۆڕی بواری پترۆڵ بوو، ئەوەبوو پێکەوە رۆڵی گەورەیان گێرا لەدەسخستنی جیاووگی پترۆڵی بۆ بەریتانیەکان لەعێراقدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(خليل، ١٩٨٠،ص٢٦؛الجبوري، ٢٠٠٥،ص٥).

* ساڵی ١٩١٢ دامەزراو لەئازەری ١٩٢٥ جیاووگەکەی بەدەسهێناو ڕێکەوتنامەی (هێڵی سوری) واژۆکرد بۆ دابەشکاری پشکەکانی بەوەی کەنابێت هیچ یەکێك لەخاوەن پشکەکان بەتەنیا هەستن بەدەسخستنی جیاووگی پترۆڵی لەنەخشەی خاکی عوسمانیەکاندا، جگە لەمیسرو کوەیت. بڕوانە:(الجبوري، ٢٠٠٥، ص٩).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٢٥% بۆ کۆمپانیای پترۆڵی ئینگلیزی- ساکسۆنی

لەدوای ئەم هەموارکردنەوەیە، هەردوو حکومەتی بەریتانی و ئەڵمانی پەیوەندییان بەحکومەتی تورکیەوە کرد بەوەی کۆمپانیای پترۆڵی تورکی مافی جیاووگی پترۆڵی عێراق بەدەستبهێنێ لەحوزەیرانی ١٩١٤ بەپێی ئەم رێکەوتنە تازەیە، بەڵام رووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرجەم ئەم ئاڵوێرەی وەستاند، ئەمەش لەکاتێکدابوو حکومەتی تورکیای ئەوکاتە بووە هاوپەیمانی ئەڵمانیای نەیاری بەریتانیەکان(السماك،١٩٨١،ص٤١-٤٢؛خليل،١٩٨٠،ص٣٠).

## قۆناغی دووەم: سەرەتاکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، تا سەربەخۆبوونی قەوارەی عێراق (١٩١٤-١٩٣٢)

بەریتانیەکان بابەتی پترۆڵیان بەتەنیا وەك بابەتێکی بازرگانی نەدەبینی، بەڵکو بەبابەتێکی ستراتیژی وڵاتەکەیان سەیریان دەکردو پترۆڵیان وەك شوێنگرەوەی خەڵوز بۆسووتەمەنی کەشتیە جەنگیەکانیان دادەنا، ئەوەبوو لیژنەی پاشایەتی بەریتانی ساڵی ١٩١٣ راپۆرتێکیان بەرزکردەوە لەسەر ئەم بابەتە، هەروەها لەهەمان ساڵدا (وینستۆن چەرچڵ)ی وەزیری دەریایی بەئاشکرا باسی دەسخستنی سووتەمەنی پترۆڵی کرد بۆکەشتیە جەنگیەکانیان لەسەرچاوە سروشتیەکەی، لەلایەکی تریشەوە هەڵپەو حەزە فراوانخوازییەکانی بەریتانیەکان بۆ دەسگەیشتنی بەسەرچاوەی پترۆڵ، یەکێك بوو لەهۆکارە ستراتیژییەکان کە وایکرد لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانیدا عێراق داگیربکات بەهاوکاری و پشتیوانی فەرەنساو لایەنە هاوپەیمانەکانی تری(حافظ،٢٠٢١،ص٣٨-٤٨؛الفتلاوي والزبيدي،ج٣، ٢٠١٢،ص١١).
دواتریش بەپێی پەیماننامەی (سانریمۆ)* ی پترۆڵی ساڵی ١٩٢٠ توانی عێراق بەتەواوی بخاتە ژێر دەسەڵات و سەرپەرشتیاری خۆیەوەو لەچنگی فەرەنسای دەربێنێتەوە، کەبەپێی پەیماننامەی (سایکس- بیکۆ)** ی ١٩١٦ی نێوانیان، ویلایەتی موسڵی دەوڵەمەند بەپترۆڵ درابوو بەفەرەنسا(لونكريك،١٩٦٨،ص٦٦؛سليمان،١٩٧٩،ص١٠٦؛فوستر، ١٩٨٩،ص٢٧٩).

---

* رێکەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی بەریتانیاو فەرەنسابوو لەنیسانی ١٩٢٠ لەسانریمۆی ئیتاڵیا گرێدرا لەسەر کۆمەڵێك پرس، لەوانە پرسی پترۆڵی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دابەشکردنەوەی سەرمایەی کۆمپانیای پترۆڵی تورکی، بەشێوەیەك لە ٤٧,٧٥% بۆکۆمپانیای پترۆڵی ئینگلیزی- فارسی و لە ٢٢,٥% بۆ کۆمەڵەی کۆمپانیای شێلی هۆڵندی و ٢٥% بۆ فەرەنسیەکان و ٥% بۆ گولبەنکیان، لەبەرامبەر ئەوەی فەرەنسا دانینا بەمافی دەسەڵاتدارێتی بەریتانیا بەسەر ویلایەتی موسڵی عێراقدا. بروانە:(برجاس،٢٠٠٠،ص٢١١؛خليل، ١٩٨٠،ص٤٧).

** خەریکبوونی بەشەری ئەڵمانیاوە دەستێوەردانی کۆمپانیا ئەمریکیەکان لەکاروباری وزەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ترسی گەیشتنی روسیا بەئاوە گەرمەکانی کەنداو، هەموو ئەمانە پێکەوە وایان لەبەریتانیا کرد داوا لەفەرەنسا بکات لەبەرامبەر وەستانەوە هاوشانی بەریتانیا دژی ئەم مەترسیانە، بەریتانیا ئامادەیە ویلایەتی موسڵ و چەندین ناوچەی گرنگ لەشام بخاتە ژێر سایەی دەسەڵاتدارێتی فەرەنساوە لەکاتی بردنەوەیان لەجەنگەکە، ئەوەبوو لەساڵی ١٩١٥وە دەستیان بەدانوستاندن کردو لەمایسی ١٩١٦ هەردوو نوێنەری حکومەتی بەریتانیاو فەرەنسا (مارك سایکس و جۆرج بیکۆ) گەیشتنە رێکەوتن و

لەدوای ئەوەی بەریتانیەکان بەپێی ڕێکەوتنامەی سانریمۆی پترۆڵی سەرپەرشتیاری عێراق بەتەواوی وەرگرت، لەناوخۆی عێراق و دەرەوەشدا ناڕەزایی دروست بوو، بەتایبەتیش کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتی دەرگای کراوەی خستەڕوو لەبەشێك لەناوچەکانی جیهاندا بەعێراقیشەوە، تا بتوانێ کاری بازرگانی ئازادو لەنێویشدا مەسەلەی بابەتی پترۆڵ مامەڵەی پێوەبکات. لەناوخۆی عێراقیش (شۆڕشی ١٩٢٠)*** بەرپابوو دژی داگیرکارییەکانی بەریتانیا لەوڵاتەکەدا(حافظ،٢٠٢١،ص٥٦). بەریتانیا کەبۆی دەرکەوت بەتەنیا ناتوانێ بەم سیاسەتەو تاك لایەنانە کۆنترۆڵی پترۆڵی عێراق بکات، بۆیە بیری کردەوە قەوارەیەك بۆ عێراق دروست بکات لەژێر سایەی خۆیداو لەبری ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ حوکمی عێراق بکات (Mejcher,1976,P76)، ئەوەبوو بەنهێنی لەگەڵ (فەیسەڵی کوڕی حوسێنی شەریفی مەککە) کەوتە دانوستاندن و لەکۆنگرەی قاهیرە، کەلەمارسی ١٩٢١ گرێدراو وەزارەتی داگیرگەکان سەرپەرشتی دەکرد، بەریتانیەکان بڕیاریاندا لەقۆناغی یەکەمدا دەسەڵاتێکی پاشایەتی بۆعێراق دروست بکەن لەهەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرەو فەیسەڵیش بکەن بەپاشای ئەو پاشانشینە(الحسني،ج٢، ٢٠٠٨،ص٧-٨؛التكريتي،١٩٩١،ص٣٥). دانانی فەیسەڵیش بەپاشای عێراق بەپاساوی ئەوەبوو کەکوڕی شەریفی مەککەیەو کێشەی مەزهەبی و خێڵەکی لەعێراقدا نیەو هەمووانیش پەسەندی دەکەن، بۆیە لە٢٣ی ئابی ١٩٢٣ فەیسەڵ تاجی پاشایەتی لەسەرناو بووە پاشای عێراق لەسایەی حکومڕانی بەریتانیەکاندا(العلواني،٢٠٠١،ص٤٩).

بەدانانی فەیسەڵ بەپاشای عێراق و پێشووتریش دروستکردنی حکومەتێکی کاتی بۆ عێراقیەکان بەسەرۆکایەتی عەبدولرەحمان نەقیب لەتشرینی یەکەمی ١٩٢٠، سەردەم و قۆناغێکی نوێ هەم لەسیاسەتی بەریتانیا لەعێراق، هەمیش لای عێراقیەکان بەگشتی دەست پێدەکات، کەئەویش کاریگەری پترۆڵە لەسیاسەتی باڵادەستی بەریتانیا لەعێراقداو ڕەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێ لەداڕشتنەوەی سیاسەتی بەریتانیاو تێڕوانیان بۆ ئایندەی حکومڕانیان بۆ زیاتر دەستبەسەرداگرتنی پترۆڵی وڵاتەکە، کەزۆر بەگرنگیەوە لێی دەڕوانن(حافظ، ٢٠٢١،ص٥٦؛الفتلاوي والزبيدي،ج٤، ٢٠١٧،ص٣٥٤).

پاش پێکهێنانی حکومەتی کاتی و دانانی فەیسەڵ بەپاشای عێراق، بەڵام هێشتا دەنگی ناڕەزایی لەناوخۆی عێراق دژی سیاسەتی بەریتانیەکان و کێبڕکێی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان، بەتایبەتیش

---

ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد، بەبەشداری ڕوسەکانیش، کەلەنێویدا ویلایەتەکانی بەغداو بەسرە دران بەبەریتانیاو ویلایەتی موسڵیش بۆ فەرەنسیەکان و بەشێك لەناوچەکانی تورکیاو ئێرانیش بۆ ڕووسەکان. بڕوانە:(حافظ،٢٠٢١،ص٥٤)،(برجاس،٢٠٠٠،ص٢٠٦-٢٠٧).

*** ئەو شۆڕشەبوو لەمانگی حوزەیرانی ١٩٢٠ لەناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق سەریهەڵدا لەلایەن بەشێك لەعەشایەری عێراقەوە دژی بەریتانیەکان، هەرچەندە شۆڕشەکە بەرووکەش دژی گیرانی یەکێك لەسەرۆك عەشیرەتەکان بوو لەلایەن بەریتانیەکانەوە، بەڵام لەبنەڕەتدا دژی ئەو سیاسەتە قۆرخکاریانەبوو کەبەریتانیەکان پەیڕەویان دەکرد لەعێراقدا، بەتایبەتیش پاش ئەوەی بەیاسایی و لەڕێگای ڕێکەوتنامەی سانریمۆوە تەواوی عێراق خستە ژێر سایەی حکومڕانی خۆیەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(مار،٢٠٠٦،ص٤٣؛خليل،١٩٨٠،ص٤٧).

ئەمریکیەکان بۆ دەستگەیشتن بەپترۆڵی عێراق ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە هێشتا تورکەکان و فەرەنسیەکان و تەنانەت ئەڵمانەکانیش دەستیان هەڵنەگرتبوو لەبابەتی جیاووگی پترۆڵی عێراق، هەموو ئەمانە پێکەوە وایان لەبەریتانیەکان کرد بیر لەرێکەوتنێکی دوو قۆڵی لەگەڵ فەیسەڵی پاشاو حکومەتی کاتی بکاتەوە، تا لەم رێگایەوە بتوانێ مافی جیاووگی پترۆڵی عێراق بۆ چەندین ساڵی ئایندە بۆخۆی مسۆگەربکات(خليل،١٩٨٠،ص٤٧-٤٨)، ئەوەبوو رێکەوتنامەی ساڵی ١٩٢٢یان واژۆکرد، کەچەندین برگەی سیاسی و سەربازی و ئابوری و بابەتی حکومڕانی و سەروەری عێراق و پەیوەندییەکانی هەردوولاو چەندین مژاری گەرمی تری لەخۆ گرتبوو، لەگەڵ ماوەی مانەوەی سەرپەرشتیاری بەریتانیا بەسەر عێراقەوە بۆ ماوەیەکی درێژ(عزيز،١٩٤٥،ص٦٨؛مار،٢٠٠٦،ص٥٠).

یەکێك لەو برگە سەرەکیانەی لەپشتی بابەتی رێکەوتنامەکەوەبوو، مەسەلەی پترۆڵ و مافی جیاووگی پترۆڵ بوو بۆ بەریتانیەکان، بۆیە لەهەمان ساڵدا (پرسی کۆکس)ی نوێنەری سیاسی حکومەتی بەریتانیا لەعێراق بەیاداشتێك کەئاراستەی حکومەتی عێراقی کرد لەرێگای پاشا فەیسەڵەوە، سەبارەت بەمافی جیاووگی پترۆڵی (کۆمپانیای پترۆڵی تورکی) کەپێشووتر بەدەستیهێنابوو لەعێراقدا لە (١٩١٤)*، بەڵام حکومەتی عێراق داواکەی ناوبراوی رەتکردەوە(العلوجي واللامي،ج٢، ١٩٧٥،ص٤٢)، تەنیا بەمەرجێك رازی دەبن بەو داواکارییە گەر کۆمپانیەکەش رازی بێت بەداواکارییەکانی ئەوان، بۆ ئەم مەبەستەش گفتۆگۆ بکەن لەگەڵ (ساسۆن حەسقیل)ی وەزیری داراییان کەراسپێردرابوو بەوکارە هەستێ لەلەندەن(سليمان،١٩٧٩،ص٩٩)، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەپاساوی بوونی کێشەی ویلایەتی موسڵ، ئەوەی راگەیاند ئەم داواکارییە تا دوای یەکلایی بوونەوەی کێشەکە دوادەخرێ و باسناکرێتەوە(جميل،٢٠١٣،ص١٥٨-١٥٩).

لەولاشەوە عێراقیەکان بەتوندی داوای ئەو بەڵگانامەیان دەکرد کەمافی خاوەندارێتی پترۆڵی وڵاتەکەی داوە بەکۆمپانیای پترۆڵی تورکی بەریتانی، ئەمەش وای لەبەریتانیەکان کرد وەکو خاوەنی راستەقینەی جیاووگەکە بکەونە دانوستاندنەوە لەگەڵ عێراقیەکان(سليمان،١٩٧٩،ص٩٩). بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٢ی ١ی ١٩٢٣ تا ١٣ی ٨ی ١٩٢٣ حکومەتی عێراق و کۆمپانیای پترۆڵی تورکی کەوتنە دانوستاندنەوە بەمەبەستی گەڵاڵەکردنی رەشنوسێکی جیاوازو تازە لەوەی ساڵی ١٩١٤، بەبەشداری نوێنەری باڵای بەریتانیاو نوێنەری کۆمپانیای پترۆڵی تورکی، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتنی لیژنەکەی (کۆمەڵەی گەلان) بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ، کەعێراقیەکان بەهەرەشەیان دەزانی

* رێکەوتنێك بوو لەگەڵ تورکە عوسمانیەکان واژۆکرابوو، کەبەریتانیەکان لەرێگای کۆمپانیای (پترۆڵی تورکی) مافی جیاووگی پترۆڵی هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرەی بەدەسهێنابوو، بەڵام کەجەنگی یەکەمی جیهان هەڵگیرسا، رێکەوتنەکەش پشتگوێخراو نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە هەردوولایان بوونە دوو لایەنی شەرکەر دژی یەکتری. بروانە:(السامرائي،١٩٦٨،ص أ؛عيساوي ويغانه،١٩٦٦،ص٦٩).

لەســـــەر یەکپارچـــــەیی خـــــاکی وڵاتەکـــــەیان(العلوجي والـــــلامي،ج٢، ١٩٧٥،ص٨٨؛سليمان،١٩٧٩،ص١٥٨).

ترس لەداواکارییە بەردەوامەکانی تورکیا، کە داوای ویلایەتی موسڵی دەکردو بەبەشێك لەخاکی وڵاتەکەیان دەزانی، لەولاشەوە ترس لەبەریتانیەکانیش وەکو حاکمرانی وڵاتەکە، بەوەی نەرمی بنیۆێنن لـەم مەسـەلەیەدا بـۆ تورکـەکان(العلوجي واللامي،ج٢، ١٩٧٥،ص٤٢)، هـەموو ئەمانە هانی عێراقیەکانیدا بچنە ژێر باری داواکارییەکانی بەریتانیاو یەکەم رێکەوتنامەی بواری جیاووگی پـترۆڵ لەگـەڵ کۆمپانیـای پـترۆڵی تـورکی واژۆ بکـەن و بـاجی نەرۆیشـتنی موسـڵ بۆسـەر تورکیا بەهەرشێوەیەك بووە بیدەن، بەقسەی کاربەدەستانی حکومەتی عێراق خۆیان، رێکەوتنامەکەش کەبەرێکەوتنامـەی سـاڵی (١٩٢٥)[*] ناسراوە(السـماك،١٩٨١،ص٥٢)، بـەپێی ئـەم رێکەوتنامەیە کـە (فەیسـەڵی پاشـا) خـۆی بەنـدەکانی رێکەوتنامەکـەو هۆکارەکـانی بـڵاو کردۆتـەوە، لەسـەر روونکردنـەوەی وەزیـری کارو پەیوەندییەکان و رەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزیـران مـافی گـەڕان و پشـکنین و دەرهێنـان و هـەناردەکردن، بـۆ مـاوەی ٧٥ سـاڵ لەناوچـەکانی بەغـداو موسـڵ دران بەکۆمپانیای ناوبراو(السماك،١٩٨٧،ص١١٤).

هەرچـەندە ئـەم رێکەوتنـەی نێـوان حکومـەتی عـێراق و بـەریتانیا هـەروا بەسـانایی تێنەپـەڕی، بەڵکو لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆیی نـاڕەزایی گـەورەی لێکەوتـەوە، ئـەوەبوو جگـە لـەناڕەزایی و بێزاری شـەقامی عێراقی هـەردوو وەزیـری دادو وەزیـری رۆشـنبیری (رەشـید عـالی گـەیلانی و موحەمـەد رەزا ئەلشـەبیی)، دەسـتیان لەپۆسـتەکانیان کێشـایەوە(الجبوري،٢٠٠٥،ص٨). لەلایـەکی تریشـەوە (ساسۆن حەسـقیل)ی وەزیری دارایی بەتوندی دژی رێکەوتنامەکە وەستایەوەو رژدبوو لەسەر

---

[*] لەرێکەوتی ٥ی ٣ی ١٩٢٥ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق رەزامەنـدی دەربڕی لەسـەر مافی جیاووگی پترۆڵی بـۆ کۆمپانیای پـترۆڵی تـورکی و رۆژی ١٤ی هـەمان مانـگ و سـاڵیش دادەنرێ بەیەکـەم رۆژی پێدانی جیاووگی پترۆڵ لەمێژووی دەوڵەتی عێراق نوێدا، بەڵام بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- کۆمپانیای پترۆڵی تورکی (کەدواتر ناوەکەی دەگۆڕی بەعێراق) مافی گەڕان و پشکنین و دەرهێنان و ناردنی پترۆڵی عێراق هەیە

٢- مافەکـە هـەموو ناوچـەکانی عـێراق دەگرێتـەوە جگـە لەبـەسرەو هەنـدێك ناوچـەی نـزیکی خانـەقین نـەبێ، کەجێگای ناکۆکی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری ئێرانی بووە پێشووتر

٣- رێکەوتنەکە بۆ ماوەی ٧٥ ساڵەو پاش تەواوبوونی ئەو ماوەیە سەرجەم دامەزراوە پترۆڵیەکانی خاکی عێراق دەبن بەموڵکی عێراقیەکان

٤- کۆمپانیاکە بارەگەکەی لەلەندەن دەبێ و هەمیشە کەسێکی بەریتانی سەرۆکایەتی دەکات

٥- دوای چوارسـاڵ لەبـەرواری جێبـەجێکردنی رێکەوتنەکـە، حکومـەتی عـێراق (٢٤) پارچـە زەوی (٢٠)کم٢ تەرخاندەکات بۆ کێبڕکێی کۆمپانیاکان وکەسەکان، جگە لەو زەویانەی کۆمپانیای تورکی خۆی دیاریدەکات بۆ خۆی، هەروەها هەمان کۆمپانیاش مافی نیە بەشداری ئەم کێبڕکێیە بکات

٦- کۆمپانیەکە بەڵێن دەدات بەپێدانی (٤) شلن زێڕ بەحکومەتی عێراق بۆ هەر تۆنێکی پترۆڵی خاوکەهەناردەی دەکات بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ، بەرامبەر بەوەی هیچ جۆرە باجێك نادات

٧- بۆڕی گواستنەوەکە بەسوریادا بگاتە سەر دەریای ناوەڕاست، ئەمەش مەرجێکی فەرەنسیەکان بوو

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(المعموري والجميلي،٢٠١١،ص٢٥٣؛سليمان،١٩٧٩،ص١٢٨-١٢٩؛عيساوي ويغانه، ١٩٦٦،ص٥٤).

ئەوەی دەبێ عێراق هاوبەش بێ لەگەڵ کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکەو پێویستە کۆمپانیاکە لەسەر بنچینەی زێڕ پارە بەعێراق بدات(بصري،٢٠٠٥،ص٩٤). رۆژنامە عێراقیەکانیش هاتنە دەنگ و دژایەتی خۆیان بۆ رێکەوتنامەکە دەربڕی و بەکارێکی نادادپەروەرانە بەرامبەر بەگەل و پێشێلکاری سەروەری عێراق لەقەڵەمیان دابوو(الحسني،١٩٨٨،ص٢٦٧)، چونکە هەموو تێکڕا پێیان وابوو کۆمپانیا خاوەن جیاووگەکە لەبەریتانیا تۆمارکراوەو لەبنچینەدا بەریتانیەو لەژێر ناوی خوازراودایە، لەلایەکی تریشەوە ماوەی گرێبەستەکە کە ٧٥ ساڵە ئێجگار زۆرە، هەروەها ئەو پشکەشی دەدرێ بەعێراق ٤ شلنی زێڕ بۆ هەر تۆنێکی پترۆڵ ئێجگار کەمەو شایانی وڵاتی خاوەن سامانەکە نیە (Alnasrawi,2002,P3؛الجبوري، ٢٠٠٥،ص٨).

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەرتیانیا رووبەرووی کێبڕکێی توند بوویەوە لەگەڵ کۆمپانیا فرە رەگەزەکان لەسەر رێکەوتنە پترۆڵیەکان، دوای چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ فەرەنسا بەپێی رێکەوتنامەی سانریمۆی پترۆڵی(برجاس،٢٠٠٠،ص٢١٢)، بەڵام نەیتوانی لەکۆمپانیا ئەمریکیەکان خۆی قوتاربکات، کەداوای سیاسەتی (دەرگای کراوەیان)* دەکرد(العبوسي،١٩٥٥،ص١٣). ئەمریکیەکان هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە کەوتنە کێبڕکێی کۆمپانیاکانی وڵاتانی تر، بەتایبەتیش جیاووگی پترۆڵی خاکی عوسمانی و لەنێویشیدا پترۆڵی فەلەستین وعێراق، بەتوندیش دژی رێکەوتنی پترۆڵی ١٩٢٠ی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا وەستانەوەو بەداگیرکردنی سەروەتی عوسمانی دۆڕاوی جەنگ وەسفیان دەکردو وەك جۆرێك لەبێبەشکردنی ئەمریکا لەو جیاووگە دەیاندایە قەڵەم، کەبەرهەمی سەرکەوتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بووەو ئەمریکاش هاوکارێکی سەرەکیان بووە لەو سەرکەوتنەدا(برجاس، ٢٠٠٠،س٢١٢).

ململانێی نێوان بەریتانیەکان و ئەمریکیەکان بەردەوام بوو، بەڵام زۆر درێژەشی نەکێشا، هەرچەندە توندیش بوو، چونکە لەبەرامبەر بێبەشکردنی ئەمریکیەکان لەپترۆڵی عێراق، ئەوانیش هەڕەشەی دەرکردنی بەریتانیەکانیان دەکرد لەکەرتی پترۆڵی وڵاتەکەیان، چونکە بەریتانیەکان لەئەمریکاش سەرقاڵی وەبەرهێنان و کاری بازرگانی بوون لەکەرتی پترۆڵی ئەو وڵاتەدا، سەرباری ئەوەی لەرووی سیاسی و سەربازییەوە هیچ دەسەڵات و باڵادەستیەکی نەمابوو، بەڵام لەبواری ئابوری و بازرگانیدا هێشتا ئامادەیی مابوو لەئەمریکا. ئەوەبوو ساڵی ١٩٢٢ گەیشتنە گەڵاڵەکردنی رێکەوتنامەیەك و تیایدا بڕیاردرا لە ٢٤%ی جیاووگی پترۆڵی عێراق بدرێ بەکۆمپانیا ئەمریکیەکان(السماك،١٩٨١،ص٤٧)، بەڵام ئەم رێژەیە جێگای رەزامەندی

---

* سیاسەتی دەرگای کراوە (Open Door Policy)ئەو سیاسەتەبوو کەئەمریکیەکان ساڵی ١٨٩٩ رایانگەیاند سەبارەت بەچین، ئامانج لەم سیاسەتەش ئەوەبوو هەموو دەوڵەتە داگیروکارو زلهێزەکان وەك یەك مافی بازرگانیان هەبێ لەو وڵاتەداو بۆ ماوەی (٤٠) ساڵیش بووە بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. لەمەسەلەی مافی جیاووگی پترۆڵیش لەم سیاسەتەدا ئەوەبوو: ١- هەمووان بەیەکسانی هاوکاری خەڵکی ئەو وڵاتانە بکەن بەپێی یاساکەرژێمی سەرپەرشتیاری (الانتداب) دەیگرێتەوە ٢- نابێ مافی جیاووگی ئابوری لەوڵاتانی سەرپەرشتیکراو بەشێوەیەك فراوان بێ تایبەت بکرێ بەکۆمەڵەیەکی دیاریکراو ٣- نابێ بەدەستهێنانی مافی جیاووگ پێچەوانەی هیچ ماددەیەکی ئاماژەپێکراوبێ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(الكيالي، ج١، ١٩٨٩،ص٤٥٣؛ل.ت.ا.د.ت،ص١٣).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

حکومەتی ئەمریکیەکان نەبوو، بۆیە ململانێ و دانوستاندنی نێوان هەردوولا بەردەوامبوو، تا لە ئەنجامدا گەیشتنە ڕێکەوتنێکی کۆتایی و کەبەرێکەوتنی (هێڵی سور)** ی ساڵی ١٩٢٨ ناوبانگی دەرکرد(بریماکوف،١٩٨٤،ص٢٠؛برجاس،١٩٨١،ص٥٠؛وهیم،١٩٨٢،ص١٠٦-١٠٧).

بەم جۆرە بەریتانیەکان کێشەیەکی قورس و ئاڵۆزیان لەعێراق تارادەیەك لەسەر سوك بوو، هەرچەندە بەتەواوەتیش کۆتایی نەهات، چونکە کۆمپانیا ئەمریکیەکان کەراستەوخۆ لەلایەن حکومەتەکەیانەوە پاڵپشتی دەکران، لەمەیدانەکەدا زۆر بەهێز دەرکەوتبوون و نەدەتوانرا بەئاسانی بێبەشیان بکەی لەمافی جیاووگی پترۆڵ. لەلایەکی تریشەوە بەریتانیا لەچەند بەرەیەکی فراوانی جیهاندا، خەریکی ململانێ و ئاڵنگاری بوو، هەر لەئاسیاوە تا دەگات بەئەوروپاو ئەفریقاو ئەمریکاش، بۆیە نەیاندەتوانی بەئاسانی دەستبگرن بەسەر هەموو شتێکدا کەدەیانەوێت.

ئەمەش بووە مایەی ئەوەی بەشێوەیەك لەشێوەکان جۆرێك لەچارەسەرکردنی سەرەتایی کێشەی ڕێکەوتنەکان و گرێبەستەکان و نارەزاییە ناوخۆیی و دەرەکیەکان هێوربینەوە، بەڵام کۆتاییان نەهات، چونکە لەساڵەکانی دواتریشدا بەشێك لەم کێشانە هەر بەردەوام دەبن، چ نارەزایی ناوخۆیی بن، یان کێشەی پشکی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان. گرنگترین شت لەم کاتەدا ئەوەیە کەعێراق حکومەت و ئەنجومەنی بنەرەتی و قەوارەی سیاسیی و یاسایی خۆی لەژێر سایەی حکومڕانی بەریتانیەکاندا دروست کردوە. لەلایەکی تریشەوە بەشێوەیەکی فەرمی ڕێکەوتنی واژۆکردووە لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری پترۆڵ، تاکنەو پشکنین لەکێڵگە پترۆڵیەکانیان ئەنجام بدەن و لەداهاتەکەی عێراق پشکی پێ بدرێ و زیاتر ببوژێتەوە. ئەوەبوو لەسەرەتاداو ساڵی ١٩٢٥ ڕێکەوتن ناوی (کۆمپانیای پترۆڵی تورکی) بگۆردرێ بە(کۆمپانیای پترۆڵی عێراقی سنوردار) و لەسەرهەمان کاری کۆمپانیای پێشوو، لەو ناوچانەی بۆی دیاریکرابوو بکەوێتە کارکردن، کەناوچەکانی هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرەبوو، سەرباری ئەوەی تا ساڵی ١٩٢٧ لەهیچ کێڵگەیەکی عێراق پترۆڵ دەرنەهات(هادي،٢٠١٩،ص٤٣١).

** (هەرچەندە بەشێکی تر لەسەرچاوەکان ساڵی ١٩٢٧) یان داناوە بۆ ئەم ڕێکەوتنە. ئەو ڕێکەوتنەبوو، کەکۆمەڵەیەك بەناوی (The Group Agreement) کەلەنێوان کۆمپانیای پترۆڵی تورکی و چەند کۆمپانیاکی ئەمریکی بەپشك پشکێنە واژۆکرا لە ٣١ی تەمموزی ١٩٢٨، ئەم ڕێکەوتنە چەندین بەندی گرنگی لەخۆگرتبوو، لەوانە نابێ هیچ کۆمپانیایەکی هاوبەشی تورکی بەتەنیا هەستێ مافی جیاووگی پترۆڵی وەربگرێ لەو نەخشەیەی کەدیارکراوە، کەهەموو خاکی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەگرێتەوە پێش رووخان، تەنیا لەحاڵەتی ئاگاداری و هاوبەشی کۆمپانیا ئەمریکیەکان نەبێ، جگە لەمیسرو کوەیت. هەروەها پشکی کۆمپانیەکانیش بەم شێوەیە دابەشکرا:

- کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی- فارسی (دارسی) لە ٢٣,٧٥%
- کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- سەکسۆنی (ڕۆیال- شێل) لە ٢٣,٧٥%
- کۆمپانیای وەبەرهێنەری ڕۆژهەلاتی نزیك (کوتلەی ئەمریکیەکان) لە ٢٣,٧٥%
- کۆمپانیای نەوتی فەرەنسی ٢٣,٧٥%
- کۆمپانیای هاوکاری و بەرهەمهێنانی سنوردار (گولبەنکیان) لە ٥%

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(بریماکوف،١٩٨٤،ص٢٠؛وهیم، ١٩٨٢،ص١٠٦-١٠٧).

ساڵی ١٩٢٦یش کۆمپانیای (پترۆڵی خانەقین)* توانی مافی جیاووگی پترۆڵی کێڵگەی (نەوتخانە) بەدەستبێنێ، کەکێڵگەیەکی پترۆڵی نزیك سنورەکانی ئێران بوو (و.ا، ١٩٧٢،ص٣٨؛ هادي،٢٠١٩،ص٤٣٧). ئەمەش یەکێك بوو لەو کێشانەی بەردەوام جێگای ناکۆکی نێوان هەردوو کۆمپانیای پترۆڵی تورکی و کۆمپانیای پترۆڵی ئەنگلۆ- فارسی بوو لەدۆزینەوەی پترۆڵەوە(الياسري،٢٠٠٩؛الجشعمي،٢٠٢٢،ص٢٠١١)، کێشەی ئەم کێڵگەیەش ئەوەیە درێژەبێتەوە بۆناو خاکی ئێران و لەوێش ناوی کێڵگەکە (نەوت شا)یەو کاریگەری گەورەشی هەیە لەسەر هەرلایەکیان گەر لایەنەکەیتر وەبەرهێنان بکات لەگێڵگەکەی خۆی(الفتلاوي والزبيدي،ج٤، ٢٠١٧،ص٣٥٥)، ئەم کێڵگەیەش یەکێك بوو لەو بابەتانەی جێگای ناکۆکی و مشتومڕی هەردوو دەوڵەت بوو بەدرێژایی سەردەمانی دواتریش.

کێشەی (ویلایەتی موسڵ)* کەزۆرینەی سنوری (باشوری کوردستان)ی دەگرتەوە، لەوکاتەدا یەکێك لەو بابەتە هەستیارانەبوو، لەدوو لاوە بەرۆکی عێراقیەکانی گرتبوو، لەلایەك عێراق خاوەنی سەروەری تەواوی خۆی نەبوو، تا بتوانێ خۆی راستەوخۆ بچێتە دانوستاندنەوە لەگەڵ لایەنی تورکی کەخۆی بەخاوەنی ویلایەتەکە دەزانی، لەلایەکی تریشەوە بەحوکمی ئەوەی ناوچەکە دەوڵەمەندبوو بەپترۆڵ، لەهەموو لایەکەوە چاوی لەسەربوو، بۆیە نەدەتوانرا بەسادەیی سەیری مەسەلەکە بکرێ و بگرە گرنگی ویلایەتەکە وەکو بابەتی ژیان و مردن بوو بۆ عێراقیەکان و بەرژوەندی بەریتانیەکانیش(حافظ،٢٠٠٣،ص٥٦). بەریتانیەکان لەمێژبوو چاویان لەسەر ویلایەتەکەبوو، وەباشیش دەیانزانی ناوچەکە چەند دەوڵەمەندە بەسامانی کانزایی پترۆڵ، بۆیە جارێك لەرێگای رێکەوتنامەی سانریمۆی پترۆڵی ١٩٢٠ لەفەرەنسیەکانیان

---

* ئەم کۆمپانیایەش یەکێك بوو لەلقەکانی کۆمپانیای ئەنگلۆ- فارسی و بەریتانیەکان ساڵی ١٩٢٥ دایانمەزراند، بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر کێڵگەکانی ناوەڕاست و باکوری عێراق، تا لەوێوە بەرهەمی پترۆڵی بەمەبەستی پاڵاوتن بنێرن بۆ پاڵاوگەی (ئەڵوەند) لەسەر رووباری ئەڵوەند، کەزۆر نزیك بوو لەوناچانەوە. بڕوانە:(سليمان،١٩٧٩، ص١٤٥).

* ئەم کێشەیە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەتایبەتیش رێکەوتنامەی (سایکس-بیکۆ)ی نێوان بەریتانیاو فەرەنسیەکان، چونکە بەپێی ئەو رێکەوتنامەیە ویلایەتی موسڵ درا بەفەرەنیسەکان و دواتریش بەریتاینەکان لێی پەشیمانبوونەوەو خستیانەوە ژیر دەستی خۆیان، بەڵام ئەوەی زیاتر ئەم کێشەیەی قوڵ کردەوە بابەتی داگیردنی عێراق بوو لەلایەن بەریتانیەکانەوەو دواتریش مەسەلەی (ئاگربەستی مۆدرۆس)ی نێوان بەریتانیەکان و تورکەکان بوو لە٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨، چونکە کاتێك ئەم ئاگربەستە واژۆکرا بەریتانیەکان بەدووری (١٢)میل لەدەرەوەی ناوجەرگەی موسڵ بوون و موسڵ لەژێر دەستی تورکەکاندا هێشتاوە مابووەوە، سەرباری داگیرکردنی زۆربەی ناوچەکانی عێراق لەلایەن بەریتانیەکانەوە. هەروەها بەپێی ماددەی (٧)ی ئاگربەستەکە، دەوڵەتانی هاوپەیمان دەتوانن بچنە هەر ناوچەیەك بەمەترسی بزانن و لەسەر بنەمای ئەمەش لە نۆفەمبەری هەمان ساڵدا، بەریتانیەکان داوایان لەتورکەکان کرد ویلایەتەکە چۆڵ بکەن، بەپێی ماددەکانی (٧و ١٦)، تورکەکان بەم داوایە رازی نەبوون، بەڵام لەژێر فشارو بەناچاری چۆڵیان کردو بەریتانیەکان بەبێ شەڕ داگیریانکرد. هەرئەمەش بووە کێشەو لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیش بەهەڵپەسێردراوی مایەوەو دواتریش پەیماننامەی لۆزانی ١٩٢٣ و لیژنەکەی کۆمەڵەی گەلان و پێدانی چەندین جیاووگ بەتورکیا لەساڵی ١٩٢٦ کێشەکە کۆتایی هات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(حسين،١٩٩٩،ل٦٠-١٠٨).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

سەندەوەو جاری دووەمیش کەوتنە ململانێی توندەوە لەگەڵ تورکەکان بۆ ئەوەی ویلایەتەکە بلکێنن بەعێراقەوەو لەتورکەکانی دووربخەنەوە، کەبەردەوام پڕوپاگەندەی خاوەندارێتی ویلایەتەکەیان دەکرد، بۆیە بەریتانییەکان راستەوخۆ کەوتنە دانوستاندنەوە لەگەڵ تورکەکان و لەرێگای پەیماننامەی لۆزانی ١٩٢٣یشەوە نەگەیشتنە ریکەوتن(اللامي والعلوجي،ج٢، ١٩٧٥،ص٤٨)، ئەمەش وایکرد بەریتانییەکان کێشەکە بسپێرن بەکۆمەڵەی گەلان(خليل،١٩٨٠، ص١٠٩-١١٠).

کۆمەڵەی گەلانیش لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ لیژنەیەکی دروستکرد بەسەرۆکایەتی وەزیرێکی سویدی و ئەندامێتی چەند بەرپرسێکی تر، کەپێشووتر پلەی باڵایان هەبووە لەحکومەتەکانی ئەوروپا، لیژنەکە لە١٦ی کانونی دووەمی ١٩٢٥ گەیشتە عێراق و سەردانی چەندین ناوچەو کەسایەتی پەیوەست بەکێشەکەیکرد(حسێن،١٩٧٧،ص٥٢-٦٢)، پاش چەندین دانیشتن و راگۆڕینەوەو هاتن و چوون و بەرزکردنەوەی راپۆرتی کۆتایی لیژنەکە بۆ کۆمەڵەی گەلان، ئەوەبوو لە١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥ کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا ویلایەتی موسڵ بلکێنرێ بەعێراقەوە، بەڵام بەمەرجی رێکەوتنی نێوان عێراق و تورکیاو پێدانی چەندین جیاووگی پترۆڵی ویلایەتەکە بەتورکەکان(حافظ،٢٠٠٣،ص٥٧). بۆ ئەم مەبەستە عێراق و (بەریتانیەکان ناراستەوخۆ) لەگەڵ تورکەکان کەوتنە گفتوگۆوەو سەرئەنجام گەیشتنە رێکەوتن، کە بۆماوەی ٢٥ ساڵ لە ١٠% داهاتی پترۆڵی ویلاتەکە بۆ تورکەکان بێ(حسین،١٩٧٧،ص١٨٤-١٨٦). بەم شێوەیە یەکێك لەکێشە ئاڵۆزو هەستیارەکان، هەم لەکۆڵی عێراق بووەوە، هەمیش دەستی بەریتانیای ئاواڵاکرد کنەو پشکنینی زیاترو وەبەرهێنان لەبواری پترۆڵدا لەناوچەکانی ویلایەتەکە دەست پێبکات.

دوای یەکلایی بوونەوەی ئەو کێشەو ناکۆکیانە، کۆمپانیای پترۆڵی تورکی بۆ یەکەمجار دەستیکرد بەدەرهێنانی پترۆڵی خاو لەناوچەکانی ویلایەتی موسڵ، ئەویش لەکێڵگەی (بابا گورگور)ی نزیك کەرکوك لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧( I.R,2021,p5؛لونكريك،١٩٨٨،ص٣٤٢؛الجنابي،٢٠٢٤،ص٢١٠)، ئەمەش لەکاتێکدابوو لەو کێڵگەیە پترۆڵی خاوو گاز بەرێژەیەك لەشێوەی کڵپەی ئاگر دەهاتنە دەرەوەو کرێکارانی بواری پترۆڵ بەتەقینەوەی توند ناویان دەبرد، واتا بەمانای ئەوەی لەدەستدانی توانای یەکسەری کۆنترۆڵکردنی ئەو بیرانەی لەخۆیانەوە گڕیان لێ بەرزدەبێتەوەو دەبێتە مایەی دوکەڵێکی زۆر لەو ناوچانەو چەند رۆژێکی پێویستە تا بتوانرێ کۆنترۆڵی ئەم جۆرە بیرانە بکرێ و لەدەست دەرنەچێ، بەمەش عێراق بووە یەکەمینی وڵاتانی عەرەبی پترۆڵی تێدا بەرهەم بهێنرێت(نعيمةوزهية،٢٠٢١، ص١٥).

پەرەپێدانی توانای بەرهەمهێنان لەسەرەتادا خۆی دەبینیەوە لە (٩٢) هەزار بەرمیل(الجنابي،٢٠٢٤،ص٢١٠)، بەڵام دواتر تواناکە زیادی کردو هەموو کێڵگەکانی سنورەکە، جگە لەوەی خانەقینی گرتەوەو بەرهەمهێنان گەیشتە ( ٣٣٨) هەزار بەرمیل(نعيمة

وزهية،٢٠٢١،ص٢؛الفتلاوي والزبيدي،ج٤ ،٢٠١٧،ص٣٥٤-٣٥٥). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەتوانرا بەرهەمی پترۆڵ بەشێوەی بازرگانی ناردەنی دەرەوە بکرێ، تا دوای بنیاتنانی هەردوو بۆری گواستنەوەی پترۆڵی (کەرکوك- حەیفا و کەرکوك- تەرابلس) بۆ سەر دەریای ناوەڕاست لەساڵی ١٩٣٤، ئەویش بەرێکەوتن لەگەڵ فەرەنسیەکان بەپێی رێکەوتنامەی سانریمۆی پترۆڵی ١٩٢٠(نعیمة وزهیة،٢٠٢١،ص٢). ئەمەش کاریگەری راستەخۆی هەبوو لەسەر بارودۆخی ئابوری و سیاسی ناوخۆی عێراق و بارودۆخ و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی کۆمپانیا پترۆڵیەکانی بێگانەو دەستێوەردانیان لەکاروباری سیاسیی و بەڕێوەبردنی عێراق، تا بتوانن بۆ ماوەیەکی درێژمەودا مافی جیاووگی پترۆڵی خۆیان لەعێراقدا دڵنیایی بکەن(عبد الرضا،٢٠١١،ص٢٠٥). هەر بۆ نمونە لەخشتەی خوارەوەدا ژمارە (١) بودجەی عێراق لەنێوان ساڵانی ١٩٢١- ١٩٣٢، کەبەدراوی ئۆلکی روپیەی تورکی دانراوە، روونکراوەتەوە کەبەرهەمی پترۆڵ و کارتێکەرە سیاسی و ئابورییەکان، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ، چ جیهانی، چۆن کاریگەری دروستکردووە لەسەر بڕی داهات و خەرجیەکانی عێراق.

**خشتەی ژمارە (١)**

بودجەی عێراق (١٩٢١- ١٩٣٢)

| ژ | ساڵ | خەرجی | داهات | کورتهێنان | زیادە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٢١-١٩٢٢ | ٥٧٢,١٣ | ٥٢٨,٢٥ | ٤٣,٨٨ | .......... |
| ٢ | ١٩٢٢-١٩٢٣ | ٤٨٥,٨٢ | ٤٧٤,٦٧ | ١١,١٥ | .......... |
| ٣ | ١٩٢٣-١٩٢٤ | ٢٤٢,٢٦ | ٥٠٩,٤١ | .............. | ٨٥,١٥ |
| ٤ | ١٩٢٤-١٩٢٥ | ٤٦٤,٨٥ | ٥٢٧,٣٣ | .............. | ٦٢,٤٨ |
| ٥ | ١٩٢٥-١٩٢٦ | ٥١٣،٣٨ | ٥٨١,٠٢ | .............. | ٦٧,٦٤ |
| ٦ | ١٩٢٦-١٩٢٧ | ٥٣٦,٧٢ | ٥٦٧,٠٠ | .............. | ٣٠,٢٨ |
| ٧ | ١٩٢٧-١٩٢٨ | ٥٦٩,٩٣ | ٥٩٠,٩٧ | .............. | ٢١,٠٤ |



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | ١٩٢٩-١٩٢٨ | ٥٩٩,٩٣ | ٤٩٤,٤٤ | ٤,٥٧ | .......... |
| ٩ | ١٩٣٠-١٩٢٩ | ٥٧٦,٦٦ | ٥٧٤,٦١ | ٢,٠٥ | .......... |
| ١٠ | ١٩٣١-١٩٣٠ | ٤٦٤,٥٧ | ٥١١,٥٨ | ٤٧,٠١ | .......... |
| ١١ | ١٩٣٢-١٩٣١ | ٤٨١,٧٤ | ٥٠٩,١٩ | ١٧,٤٥ | .......... |
| **کۆی گشتی** | | ٦٣٨٨,٤٧ | ٦٠٦٨,٤٧ | ١٢٦,١١ | .......... |

بەپێی خشتەکە دەردەکەوێ کەلەنێوان ساڵانی (١٩٢١-١٩٢٣)، کورتهێنانی زۆر لەبودجەی عێراقدا هەیە، بەڵام ساڵانی (١٩٢٤- ١٩٢٨)، کەسەردەمی دەرهێنانی پترۆڵ و گرێبەستەکانە، پێش ئەوەی قەیرانی دارایی جیهانی روبدات (١٩٢٩- ١٩٣٣)، بودجەی عێراق زیادەی زۆرترە لەخەرجی(الجشعمي،٢٠٢٢،ص٢١٠).

لەچوارەچێوەی پەرەپێدانی کێڵگە پترۆڵیەکان و چاوتێبڕینی زیاتری کۆمپانیاکان، ساڵی ١٩٢٨ بەریتانیەکان کۆمپانیاکی نوێیان دروست کرد بەناوی (کۆمپانیای پترۆڵی موسڵ)، بەڵام لەبەر ئەوەی پشکەکانی ئەم کۆمپانیایە پێشکەشکران بۆ فرۆشتن و هاتنە ناوەوەی وەبەرهێنەری وڵاتانی تر، لەچەشنی (ئەڵمانی و ئیتاڵی و فەرەنسی و سویسری)، تایبەتمەندی بەریتانی بوونی لەدەستداو بووە کۆمپانیایەکی فرەرەگەز(لطيف،٢٠٠٧،ص١٢؛سليمان،١٩٧٩،ص١٣٨). هەر ئەمەش وایکرد کارەکانی ئەم کۆمپانیایە سنورداربێ و لەدەرەوەی ئەو جوگرافیایە کاربکات کەمولکی کۆمپانیای پترۆڵی عێراقیە (تورکی پێشووتر)، بۆیە بەریتانیەکان کەوتنە گفتوگۆو دانوستاندنەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق، تا حکومەتیش زەوی تریان لەرۆژئاواو باکوری روباری دیجلە بۆ تەرخان بکات، پاش گفتوگۆو دانوستاندنێکی دوورو درێژ، رێکەوتن لەسەر ئەوەی کەکەمترین کرێی ساڵی یەکەمی ئەم کۆمپانیایە بەحکومەتی عێراق، (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار پاوەنی بەریتانی دەبێ، لەکانونی دووەمی ١٩٣٣وە، هەروەها ئەم کرێیە ساڵانە زیاد دەکات بەنزیکەیی (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار پاوەنی بەریتانی، کەکەمترین بڕی بەرهەمهێنان یەك ملیۆن تۆن دەبێ لەپترۆڵی خاوو بۆ هەر تەنێکیش ٤ شلن زێڕ دەڕوات، ماوەی گرێبەستەکەش (٧٥) ساڵ بوو، رووبەری زەوی تەرخانکراویش بۆ پرۆژەکە (٤٦,٠١٠)میل چوارگۆشەبوو، سەرەتاش پترۆڵی دۆزییەوە لەناوچەی (عەین زالە)، بەڵام تا دوای جەنگی دووەمی جیهانی پترۆڵ ناردەنی نەکرا(هادي،٢٠١٩،ص٤٣٧؛الجشعمي،٢٠٢٢،ص٢١١؛سلمان،١٩٧٩،ص١٣٨).

هاوکات لەگەڵ ئەم کێشانەو دانوستاندن و رێکەوتنامەکانی بواری پترۆڵ، کێشە سیاسی و کارگێرییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و بەریتانیەکانیش بەردەوام بوو، چونکە ئەو پەیماننامەیەی ساڵی ١٩٢٢ی نێوان هەردوولا، کەرژێمی سەرپەرشتیاری (الانتداب)ی بەریتانی سەپاندبوو بەسەر عێراقدا، بەهۆی گۆڕانکارییە ناوخۆیی و جیهانیەکانەوە، چیتر لای عێراقیەکان مایەی رەزامەندی نەبوو(مار،٢٠٠٦،ص٦٨-٦٩). بۆیە بەدرێژایی ساڵانی (١٩٢٧- ١٩٣٠)

هەردوولا لەدانوستاندنی بەردەوامدابوون بۆ گۆڕینی ئەو پەیماننامەیە، بەتایبەتیش مەسەلەی بوونی عێراق بەئەندام لەکۆمەڵەی گەلان(البزاز،١٩٦٧،ص١٨٨). ئەوەبوو لەگەڵ دەسەبەرکابوونی کابینەی وزاری تازە بەسەرۆکایەتی (نوری سەعید) دەست بەدانوستاندن و گفتوگۆ کرایەوەو پاش گەیشتنە ڕێکەوتنێك لەنێوان حکومەت و بەریتانیەکان، لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٣٠ ئەنجومەنی نوێنەرانیش ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ڕێکەوتنامەکەو بەم شێوەیە بەڕێکەوتنامەی ساڵی (١٩٣٠)* ناسێنرا(مار،٢٠٠٦،ص٦٩-٧٠).

لەلایەکی تریشەوە مەسەلەی پترۆڵ و جیاووگەکانی، یەکێك بوو لەبابەتە سەرەکیەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیەو بەریتانیەکان بەوردی کاریان لەسەر کردبوو، بەڵام کەمێ دواخرا لەبەر کاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش. ساڵێك دواتر، واتا لە ١٩٣١ عێراق پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی لەم بارەیەوە، ئەویش کاتێك نوری سەعیدی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە، لەبەر پێویستی دارایی و هەڕەشەو فشاری کۆمپانیا پترۆڵیەکان بەکەمکردنەوەی بەرهەم و دوورکەوتنەوە لەبنیاتنانی هێڵی گواستنەوەی پترۆڵی بۆسەر دەریای ناوەڕاست، ناچارکرا بەگۆڕانکاری لەڕێکەوتنامە پترۆڵیەکەی ساڵی ١٩٢٥، بەڕەزامەندی فەیسەڵی پاشا (Funkhouser, 2012, P12).

ئەم ڕێکەوتنامە گۆڕانکاریکراوە بەلای عێراقیەکیانەوە زۆر ناهاوسەنگ بوو، چونکە رووبەری پێدانی زەوی بەکۆمپانیاکان زیادکردو بەنزیکەیی هەموو خاکی عێراق گرتەوە، لەولاشەوە کۆمپانیای پترۆڵی عێراق خۆی بوارد لەهەموو بەندەکانی هێڵی دەرگای کراوە، واتا دوورکەوتنەوە لەکێبرکێی کۆمپانیاکانی تر(الفتلاوي والزبيدي، ج٤، ٢٠١٧،ص٣٦١). بەشێوەیەك رووبەری دیاریکراوی کێڵگەکان بۆکنەو پشکنین و بەرهەمهێنان لە ١٩٢ میلەوە زیادکرا بۆ ٣٢ هەزار میلی چوارگۆشە، بەبێ ئەوەی هیچ دەقێك لەبەردەم حکومەتی عێراقیدا هەبێ لەم مەسەلەیەدا، هەروەها ئەوەش پەسەندکرا کەکۆمپانیاکان پابەند نابن بەزیادکردنی باج. ئەمەش وای لەپسپۆڕێکی ئەمریکی کرد بڵێ؛ نوری سەعید وڵاتەکەی فرۆشتوە بە ٤٠٠ هەزار پاوەن، چونکە ئەم دۆخە تا ساڵی ١٩٦١ بەردەوام بوو(الموسوي،١٩٧٣، ص٥١؛ Funkhouser, 2012, P12-13).

---

* ئەم ڕێکەوتنامەیە لەمێژووی هاوچەرخی عێراقدا، بەسەرەتای بەرەو سەربەخۆبوون و رزگاربوون لەکۆت و بەندی بەریتانیەکان دادەنرێ، چونکە پاش دوو ساڵ لەواژۆی ئەم ڕێکەوتنامەیە عێراق دەبێتە ئەندام لەکۆمەڵەی گەلان، هەرچەندە نەشیتوانی بەتەواوی سەربەخۆبێ لەبواری سیاسەتی دەرەوەو دارایی و کاروباری سەربازی. ئەم ڕێکەوتنامەیە هەموو بوارەکانی (سیاسەتی دەرەوەو بواری بەرگری و هاتوچۆو بنکە ئاسمانیەکانی عێراق)ی دەگرتەوە، لەگەڵ هەندێ بواریتر، کەهەمووی بەتەواوی لەخزمەتی بەریتانیەکاندا بوو، واتا تەنیا شێوەی ڕێکەوتنەکە لەسەرپەرشتیارەوە گۆڕدرا بەچەمکێکی ترو تەواوی دەسەڵاتە سیاسی و دارایی و سەربازییەکان لەلای بەریتانیەکان مانەوە، لەسەرووی هەموشیانەوە بابەتی پترۆڵ و مافی جیاووگی پترۆڵی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(نظمي وأخرون،د.ت،ص١٨٢-١٨٣؛مار،٢٠٠٦،ص٦٨-٦٩؛العبيدي وأخرون، ١٩٩٨،ص٢٣٣).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)


لەدوای ئەم ڕێکەوتنامەیە حکومەتی عێراق ئەو ناوچانەی کەبەدەستیەوە مابووەوە خستیە بازاڕەوە بۆ سەوداو مامەڵەکردن و وەبەرهێنان، کەخۆی دەبینیەوە لەناوچە پترۆڵیەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە. بۆ ئەم ناوچانە چەند کۆمپانیایەك دەستپێشخەریان کردو داواکاری خۆیان پێشکەش بەحکومەتی عێراق کرد، لەنێویدا کۆمپانیای پەرەپێدانی پترۆڵی بەریتانی سنورداروتوانی مافی جیاووگی ئەو ناوچانە وەربگرێ بۆ ماوەی (٧٥) ساڵ، کەڕووبەرەکەی (٤٢,٩٦٨) میلی چوارگۆشەبوو(و.ا،١٩٧٢،ص٣٧). لەبەرامبەردا کۆمپانیاکەش (%٥)ی پشکی کۆمپانیەکە دەدات بەحکومەتی عێراق، هەروەها لەکانونی دووەمی ١٩٣٤ بڕە پارەیەك بەشێوەی سولفەیێ یان هەر شێوەیەکی تر، وەکو کرێ دەدات بەحکومەت تا تەواوبوونی هێڵەکانی ناردنە دەرەوەی پترۆڵ. لەلایەکی تریشەوە کۆمپانیەکە ڕەزامەندبوو لەسەر ناردنی سێ کەسی عێراق بۆ وڵاتانی دەرەوە لەسەر تێچووی خۆی، تا بتوانن پسپۆڕییەکانی جیولۆجی و ئەندازیاری و میکانیك بخوێنن. لەسەر ئەوەش ڕەزامەندبوو کەپشکی عێراق (٤) شلن زێڕە بۆ هەر تۆنێکی پترۆڵی ڕاستەقینەی دەرهاتوو، وەسەرجەم یاساو ڕێساکانی پەیوەست بەباجی پاڵاوگاکان لەناوخۆی عێراق دەیگرێتەوە. لە کۆتاییشدا کۆمپانیەکە داواکاربوو لەحکومەتی عێراق کەڕێگای بدات بەهەرشێوەیەك بووە هێڵی گواستنەوە بنیاتبنێ بۆ سەر کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست.

## قۆناغی سێیەم: لەسەربەخۆبوونی عێراقەوە، تا کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهان (١٩٣٢-١٩٤٥)

سەرباری ئەوەی ساڵی ١٩٣٢ عێراق بووە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و جۆرێك لەسەربەخۆیی سیاسی وەرگرت، بەڵام لەناو بازنەی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیادا مایەوە، لەنێویشدا بابەتی پترۆڵ(الجنابي،٢٠٢٤،ص٢٠١). هەر بۆیە بەریتانیەکان بەپەرۆش بوون بۆ بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی، تا سەرەنجام ساڵی ١٩٣٤ لەڕێگای بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاستەوە، پترۆڵی عێراق بۆ فرۆشتن ئاراستەی بازاڕەکان کرا(هادي،٢٠١٩،ص٤٣٧). ئیدی لێرەوە قۆناغێکی جیاوازتر دروست دەبێ، کەتیایدا ململانێی کۆمپانیا پترۆڵیەکان وەکو جاران نامێنێ و جۆرێك لەڕێکەوتن و دابەشکاری جیاووگ سەرهەڵدەدات، بەکۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٣٤، لەئەنجامی بەرهەمهێنان و ئەو ڕێکەوتنامانەی کەنوری سەعیدی سەرۆك وەزیران لەگەڵ بەریتانیەکان گرێی دەدات و هەموو شتێکی بواری پترۆڵی خستبووە دەست و خزمەتی بەریتانیەکانەوە، بەڵام کۆمپانیەکانی تریش لێنەگەڕان هەموو پشکەکان بۆ بەریتانیەکان بێ و پشکی کۆمپانیەکانیش کە(کۆمپانیای پترۆڵی عێراق) سەروکاری کێڵگە پترۆڵیەکانی دەکرد بەم شێوەیەی لێهات:(لطيف،٢٠٠٧، ص١٢؛الجبوري،٢٠٠٥،ص٩).


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣




لەئەنجامی بەردەوامی گەڕان و دۆزینەوەی کێڵگەی پترۆڵی نوێ، دامەزراندنی لقی نوێی پترۆڵیش لەلایەن بەریتانیەکانەوە لەبرەودابوو، بەمەبەستی زیاتر دەست راگەیشتنیان بەماف و دەسکەوتنی قازانجی زیاتر لەو بوارەدا، لەم رووەوە ساڵی ١٩٣٨، پاش ئەوەی ئەندازیارێکی کۆمپانیای پترۆڵی عێراق راپۆرتێکی نهێنی بەرزکردەوە بۆ ئەنجومەنی کۆمپانیەکەو گریمانەی ئەوەیکردبوو کەرێژەیەکی زۆری پترۆڵی بازرگانی لەباشووری عێراقدا بوونی هەیە(سليمان،١٩٧٩،ص١٤٣؛هادي، ٢٠١٩،ص٤٣٧). ئەمەش هانی کۆمپانیاکەیدا لەلایەك کۆمپانیای پترۆڵی بەسرە دروستبکات، لەلایەکی تریشەوە بکەوێتە وتوێژەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق و تا لەدواییدا رێکەوتن لەسەر رووبەرێك کە (٨٩,٢٥٠) میلی چوارگۆشەبوو، بەوەی کۆمپانیای تازە دامەزراو کنەو پشکنین بکات و بەرهەمی پترۆڵ لەو ناوچانە بەدەست بخات(كامبل وأخرون،٢٠٠٤،ص٦٣). ئەم کۆمپانیایەش هاوشێوەی کۆمپانیای پترۆڵی تورکی دەستی بەسەر کێڵگەکانی باشووردا گرت و بۆ ماوەی (٧٥) ساڵ مافی جیاووگی پترۆڵی ناوچەکەی وەرگرت. ئەوەبوو ساڵی ١٩٥٠ پترۆڵی لەکێڵگەی زوبێر دۆزییەوەو ساڵی ١٩٥١یش بەبڕی ساڵانەی (٢) ملیۆن تۆن ناردەنی دەستپێکردو دواتریش کێڵگەی رۆمێلەی دۆزییەوە (گەورەترین کێڵگەی عێراق) و بەرهەمی زۆر زیادی کرد، تا ساڵی ١٩٦٢ گەیشتە (١٢) ملیۆن تۆن(السعدي،٢٠٠٩،ص٢٠٦؛كامبل وأخرون، ٢٠٠٤،ص٦٣).

جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩- ١٩٤٥)، جەنگێك بوو زۆربەی دەوڵەتە زلهێزەکان هێزی خۆیان لەدەستگرتن بەسەر پترۆڵ و وەرگیراوەکانی دەبینیەوە بەمەبەستی سەربازی(نجم الدين،١٩٨٦،ص١٠). ئەمەش وایکرد ناوچە دەوڵەمەندییەکان بەپترۆڵ لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا لەنێویشدا عێراق، ببنە ئامانجی گەورەی ستراتیژی و سەربازی دەوڵەتە شەڕکەرەکان و دەسگرتن بەسەر ئەم ناوچانەیان بەهۆکاری سەرەکی سەرکەوتن و هێز دەبینی، هەم بۆ

سوتەمەنی ئامێرە سەربازییەکان، هەم بۆ کۆکردنەوەی دارایی(الجبوري،٢٠٠٥،ص١٠؛نجم الدين، ١٩٨٦،ص١٠). لەم بارەیەوە (رۆمل)ی سەرکردەی سەربازی ئەڵمانی قسە بەناوبانگەکەی دەکات و دەڵێ: (هیچ سوپایەکی مۆدێرن ناتوانێ بەرگەی دۆخی شەڕ بگرێ و بەردەوام بێ لەشەڕ، کەهەمووی لەسەر بنەمای جوڵەیێ، جوڵەش لەسەر بنەمای پترۆڵە... پترۆل بڕبڕەی پشت و دەماری هەستیاری بزوتنەوەی جەنگە(سليمان،١٩٧٩،ص١٥٧). لەسەر هەمان بابەت (ئایزنهاوەر)ی سەرکردەی هێزی هاوپەیمانان لەجەنگی دووەمی جیهانی (کەدواتریش لەنێوان سالآنی ١٩٥٣-١٩٦١ بووە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، دەڵێ: پترۆڵی پێویستم بۆ دابین بکەن بۆ شەڕ، پێش ئەوەی فڕۆکەو ئۆتۆمبیلی زرێپۆشم بۆ دابین بکەن... من دڵنیاییتان پێدەدەم کەئاسۆی سەرکەوتن روونە بەسەر دوژمندا)(السامرائي،٢٠٠٠،ص٢٠).

هەرچەندە عێراق راستەوخۆ نەچووە لای هیچ بەرەیەکی شەڕەوە، بەڵام بەحوکمی باڵادەستی بەریتانیاو بوونی هێزێکی زۆری زەمینی و ئاسمانی لەعێراقدا، وایکرد بەناڕاستەخۆشبێ، بێ بەلایەنێکی شەڕەکەو بەلای کەمەوە خۆشی بەشدار نەبێ خاکەکەی بووە مەیدانی هاتووچۆی ئامێرە سەربازییەکانی بەریتانیاو بەریتانیش رژدبوو لەسەر ئەوەی کەدەبێ عێراق هاوشانی خۆی دژی ئەڵمانی و ئیتاڵیەکان بوەستێتەوە(الحسني،ج٦، ١٩٨٨،ص١٠٤).

بەهۆی جەنگەوە عێراق رووبەرووی ئاستەنگ و کێشەی زۆری ئابوری بووەوە، چونکە لەلایەك نرخی پترۆڵ لەبازارەکانی جیهاندا دابەزی و داهاتێکی کەم دەگەڕایەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، لەولاشەوە بەهۆی جەنگەکەوە نەیدەتوانی پاڵاوگە بنیاتبنێ کەپێویستیەکی زۆری پێی هەبوو، دەمێکیش بوو هەوڵیدەدا پاڵاوگەی بێجی نزیك بەغدا دروست بکات، لەبەرئەوەی پاڵاوگە ناوخۆییەکان پێداویستی ولآتیان پڕ نەدەکردەوە(لونكريك،١٩٨٠،ص٥٢٣؛الشرع،٢٠٢٢،ص٤١٠)، چونکە عێراق ساڵانە لەوڵاتی ئێران و رۆمانیاوە نزیکە (١٠) ملیۆن لیتر بەنزین و (٩- ١١) ملیۆن لیتر نەوتی سپی و (٥٠- ٦٠) هەزار تۆن نەوتی رەشی هاوردە دەکرد، کەتێچووی بەنزینەکە ساڵانە (٩٠) هەزار دیناری عێراقی و (٤٦) هەزار بۆ نەوتی سپی و زیاتر لە(٧٥) هەزاریش بۆ نەوتی رەش خەرج دەکرا، کەهەمووی تێکڕا (٢١٠) هەزار دینار ساڵانە لەسەر حکومەت دەکەوت و ئەمەش تێچوویەکی زۆربوو بۆ ئەوکاتە، کەگەرمەی جەنگ و سەختی سەرجەم قەیرانەکان بوو بۆ عێراق و زۆربەی وڵاتانی تری جیهانیش(الشرع،٢٠٢٢،ص٤١٠).

لەم کاتەدا پێکدادانی بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانی وڵاتانی زلهێزیش، بەتایبەتی بەریتانی و ئەمریکییەکان لەسەر پترۆڵی عێراق دیسان دۆخەکەی شڵەقاند، هەرچەندە عێراق هەوڵیدا جۆرێك لەهاوسەنگی رابگرێ لەنێوان هەردوو بەرەکە، بەڵام سوودێکی وای نەبوو. بۆیە لەکۆتاییدا بەکەمبوونەوەی بەرهەم لە (٤) ملیۆن تۆنەوە بۆ (١) ملیۆن تۆن دابەزی لە ١٩٤١. لەلایەکی تریشەوە بەهۆی رێکەوتنی عێراق لەگەڵ کۆمپانیای پترۆڵی موسڵ (M.P.C)

بەوەستانی بەرهەم و چاڵهەڵکەندن و دواخستنی ناردنە دەرەوەی پترۆڵ بۆ ماوەی حەوت ساڵ، بەرامبەر وەرگرتنی قەرزێك لەحکومەتی عێراق، کەبڕەکەی (٣) ملیۆن پاوەن بوو. لەدوای ئەم ڕێکەوتنامەیەشەوە ڕێکەوتنێکی هەمان شێوە لەگەڵ کۆمپانیای پترۆڵی بەسرەش (B.P.C) واژۆکرا، کەقەرزەکەی ئەو (١,٥) ملیۆن پاوەن بوو(الدوري،٢٠٠٣،ص١٢). هەموو ئەمانەش لەپێناوی ئەوەدا عێراق کردی، تا کەمترین زیان بەکەرتی پترۆڵی وڵاتەکەی بگات لەکاتی جەنگەکەدا.

قەیرانی (مایسی ١٩٤١)* دۆخێکی تازەی سیاسیی و سەربازی و حوکمڕانی خوڵقاند لەعێراقدا، کەکاریگەری ڕاستەوخۆو زۆری هەبوو لەسەر کەرتی پترۆڵ و پەیوەندییە پترۆڵیەکانی نێوان حکومەت و کۆمپانیا بەریتانیەکان، چونکە حکومەتی تازەی عێراق بەسەرۆکایەتی (ڕەشید عالی گەیلانی) نیازی وابوو گرێبەستە پترۆڵیەکان لەگەڵ بەریتانیەکان هەڵبوەشێنێتەوەو لەگەڵ ئەڵمانەکان گرێبەستی نوێ بکات(العمري،٢٠٠٨،ص١٠١). لەلایەکی تریشەوە یەکێك لەهۆکارەکانی ڕاگرتنی بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی پترۆڵی هەردوو کێڵگەکانی موسڵ و بەسرەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فشارەی کەبەریتانیەکان لەسەر عێراق دروستیان کرد(الجشعمي، ٢٠٢٢،ص٢١٣)، تا بتوانێ لەم ڕێگایەوە بەرهەمی ئەو کێڵگایانە زیاد بکات کەلەدەرەوەی گرێبەستەکان لەگەڵ حکومەت کردوویەتی و زیاتر ئەو کێڵگانەی بەکرێ گرتوون کاری تێدابکات، بەبێ هاوبەشی یا پێدانی جیاووگێکی زۆر بەحکومەت، لەلایەکی تریشەوە بۆ هێشتنەوەی پترۆڵی هەڵگیراو تا بتوانێ لەدوای تەواوبوونی جەنگەکە وەبەرهێنانی زیاتری تێدابکات و وەکو دەوڵەتێکی دۆڕاوی جەنگیش، دوای ڕووداوەکانی مایس سەیری عێراق بکات و مەرج و بەرژەوەندییەکانی خۆی زیاتر بەسەریدا بسەپێنێ(محمود،٢٠٢٠،ص١٢٥).

یەکێکی تر لەدەرئەنجامەکانی جەنگەکەو ڕووداوەکانی مایسیش، هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەی (هێڵی سور)ی ساڵی ١٩٢٨ی نێوان کۆمپانیای پترۆڵی عێراق و کۆمپانیا ئەمریکی و فەرەنسی و هۆڵەندی و گولبەنکیانیش بوو، جگە لەوەی بەریتانیەکان بەبوونی هێزی سەربازی لەعێراق زیاتر خواستەکانیان دەسەپاند بەسەر حکومەتدا، لەولاشەوە هاتووچۆی کەشتیوانی بەهۆی جەنگەوە بەرووی تەواوی کەشتیە بارهەڵگرەکاندا داخرابوو جگە لەنیوجەرسی ئەمریکی. لەبری ئەم ڕێکەوتنامەیە ڕێکەوتنێکی تازەکرا لەسەر نرخی پترۆڵی عێراق بەو

---

* ئەم ڕووداوە هەندێك بەشۆڕش و هەندێکی تریش بەکودەتای سەربازی (ڕەشید عالی گەیلانی) و هاوڕێکانی ناوی دەبەن لەمایسی۔ ١٩٤١ ڕویدا، ئەویش کاتێك بوو کەگەیلانی و هاوڕێکانی داوای گۆڕینی سەرۆك وەزیرانیان لەعەبدولئیلای پێسپێردراو دەکرد، هەرچەندە هەڵگەڕانەوەکە لەبنەڕەتدا دژی پاشاو پێسپێردراوی خاڵی بوو، چونکە لەلایەك دژی ئەو ڕێکەوتنامانەبوون کەئەمانە لەگەڵ بەریتانیەکان واژۆیان کردبوو، لەلایەکی تریشەوە گەیلانی و هاوڕێکانی زیاتر ئارەزوویان بەلای ئەڵمانی و ئیتاڵیەکاندا هەبوو لەجەنگەکەدا. بۆیە کاتێك لایەنگرانی بەریتانیا لەحکومەت هەڵهاتن و بەغدایان بەجێهێشت و نەچوونە ژێرباری داواکارییەکانیانەوە، گەیلانی و هاوڕێکانی دەستیان بەسەر حکومەتدا گرت و دژی بەریتانیەکان وەستانەوە، ئەمەش بەریتانیەکانی ناچارکرد دووبارە بەهێزی سەربازی عێراق کۆنترۆڵ بکاتەوە. بڕوانە:(تريب،٢٠٠٦،ص١٥٤؛مار،٢٠٠٦، ص١١٨).

کۆمەڵانەی کەدەتوانن پترۆڵەکە وەربگرن و بیبەن، بەشێوەیەك کەنرخەکەی گونجاوبێ لەگەڵ نرخی جیهانی و نرخی تکساسی ئەمریکی. لەم کارەدا کۆمپانیاکانی فەرەنسا و گولبەنکیان دژی بوون، بەڵام ئەمریکیەکان هیچ نارەزایەتیەکان دەرنەبڕی، چونکە لەلایەك ئەو کۆمەڵەی پترۆڵەکەی عێراقیان دەکڕی ئەمریکی بوون، لەلایەکی تریشەوە ئەو نرخەی بەپترۆڵی عێراقیان دەدا کەمتربوو لەو نرخەی بەپترۆڵی کەنداوی عەرەبیان دەدا لەئەمریکا. ئەم نرخ کەمیەش یەکێکی تر بوو لەو هۆکارانەی وایکرد بەرهەمی پترۆڵی عێراق بەتەواوی کەم بکات لەساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٤١، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی پێشووتر باسمان کرد(م.ب،د.ت،ص٧٩-٨٣).

بەریتانیەکان ترسێکی زۆریان هەبوو لەرووداوەکانی جەنگ و لەدەستدانی سامانی پترۆڵی ناوچەکە، بۆیە دەسبەسەرداگرتنەوەی عێراق لە ١٩٤١، توانیان بەتەواوی باڵادەستی خۆیان بسەپێنن بەسەر ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش پترۆڵی ناوچەکە، کەئامانج و ئاراستەی سەرەکیان بوو(یاغي،١٩٧٩،ص٢٩٠). ئەمریکیەکانیش پاش ئەوەی بەفەرمی لە ١٩٤١ هاتنە ناو جەنگەکەوەو بوونە هاوپەیمانی بەریتانیەکان و ئاراستەی جەنگەکەیان بەرەو سەرکەوتنی هاوپەیمانان گۆڕی، ئەمجارە بەبایەخێکی زیاترەوە کەوتنە گرنگی پێدانی پترۆڵی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەچەشنی بەریتانیاو وڵاتانی تری زلهێز(ستوريك،١٩٧٤،ص٣٣-٣٤). بۆ ئەم مەبەستە ساڵی ١٩٤٣ دەستەی چاودێری یەدەگی پترۆڵیان دامەزراند بەئامانجی گەیشتن بەپترۆڵی دەرەوەی وڵاتەکەیان، ئەوەبوو ساڵی ١٩٤٤ لەگەڵ بەریتانیەکان گەیشتنە لێکتێگەیشتنێك دەربارەی پترۆڵی ناوچەکەو ساڵی دواتریش ١٩٤٥، رێکەوتنێکیان کرد بەئامانجی چارەسەری کێشەکان و پێکدانەدانی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا لەو بابەتەدا، لەکاتێکدا ئەمریکا ئەم رێکەوتنەی کرد وڵاتەکەیان پێویستی زۆری بەپترۆڵ هەبوو لەدوای جەنگەکە(الجبوري،٢٠٠٥،ص١١).

لەولاشەوە ساڵی ١٩٤٣ کۆمپانیای پترۆڵی فەرەنسی. و گولبەنکیان گەڕانەوە ناو کۆمپانیای پترۆڵی عێراق و پشکیان بەدەست هێنایەوە، سەرباری ئەوەی گولبەنکیان کرایەوە ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە، هەرچەندە لەسەر بڕی پێدانی پترۆڵ بەناوبراو ناکۆکی زۆر هەبوو لەماوەی ئەو دوو ساڵەی رێکەوتنەکان هەڵوەشابوونەوە، بەڵام فەرەنسیەکان نەیانتوانی پشکی پێشووی خۆیان وەربگرنەوە تا ساڵی ١٩٤٥و هاوچەشنی گولبەنکیان داوای پشکی لەدەسچووی خۆیان دەکردو کێشەکەش هەروا مایەوەو نەچووە بواری چارەسەر، بەتایبەتیش قەرەبووکردنەوەکان لەلایەن بەریتانیەکانەوە(م.ب،د.ت،ص٨٣-٨٤).

لەگەڵ کۆتایهاتنی جەنگەکەش چەرخی زێڕینی پترۆڵ، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەست پێدەکات و ململانێ نێودەوڵەتیەکان لەنێوان وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا توندتر دەبن وەك لەماوەی نێوان ساڵانی جەنگ. ئەوەبوو ئەمریکیەکان پرۆژەی (مارشاڵ)یان خستەروو بۆ بوژانەوەی ئەوروپا بەبڕی (١٢) ملیار دۆلار بەشێوەی قەرز، ئەمەش وایکرد گرنگیدان بەپترۆڵ لەلایەن ئەو وڵاتانەوە ماوەیەك

بەلاوەبنرێ(أمين،٢٠٠٢،ص٣٥). لەلایەکی تریشەوە ئەمریکیەکان وەك میراتگیری بەریتانیاو فەرەنسا خۆیان دەبینی لە سەرکردایەتیکردنی کوتلەی رۆژئاوایی و بووە هۆکاری ئەوەی گرنگیەکی زۆر بەماددەی پترۆڵ بدەن لەبیانتانانەوەی وڵاتانی داروخاوی ئەوروپاو پێداویستی خۆشیان. قورسایی ئەم گرنگی پێدانەشیان بەپترۆڵ خستە سەر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا بەبیانووی ئەوەی نزیکی ناوچەکانی ئەوروپان(مهدي والشيخ،د.ت،ص٣٣).

پەیوەست بەبەرهەمهێنانەوەی پترۆڵ و ناردنە دەرەوەشی، ساڵی ١٩٤٣ کۆمپانیای پترۆڵی عێراق دەستیکردەوە بەهەناردەکردن لەکێڵگەکانی کەرکوك، هەرچەندە کەم و لەو ئاستەشدا نەبوو کەپێداویستی عێراق پڕبکاتەوە لەداهات(الشرع،٢٠٢٢،ص٤١١). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی نێودەوڵەتی کەجەنگ بوو، هۆکاری تەکنیکیش کەبۆڕی گواستنەوەکانی پترۆڵ تەسك بوون و توانای ناردەنی زۆریان نەبوو، سەرباری ئەوەی ساڵی ١٩٤٦ کۆمپانیاکە بڕیاریدا هێڵێکی گواستنەوەی نوێ بەقەبارەی (١٦) ئینج لەسەر هێڵە کۆنەکان دروست بکات(مار،٢٠٠٦،ص١٨٩). ئەم کارەش نارەزایی شەقامی عێراق لێکەوتەوەو بووە هۆکاری ئەوەی پارتەکان مۆڵەت وەربگرنەوەو هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر دۆسێی پترۆڵ بکەن بەخاڵی گرنگی خەباتی سیاسی و نیشتیمانیان(سليمان،١٩٧٩،ص١٦٧).

سەبارەت بەداهاتی پترۆڵیش لەماوەی نێوان ساڵانی جەنگەکە، دەدەرکەوێ سەرەتاکانی جەنگ رێژەی فرۆشی پترۆڵ و داهاتەکەی چەندێك بووە، وەناوەڕاستی جەنگەکەش چەند رۆیشتووەو چەندیش داهاتی بووە، لەگەڵ ساڵی کۆتایی هاتنی جەنگەکە، ئەمانەش تێکرا کاریگەری راستەوخۆیان هەبوو لەسەر گوزەران و ژیانی هاولاتیان بەگشتی، چونکە داهاتی سەرەکی عێراق لەوکاتەدا لەسەر فرۆشی ئەو پترۆڵە بووە کەکۆمپانیایەکان فرۆشتویانەو بەشێکیان لێداوە بەعێراق بەشێوەی پشك بووبێ یاخود باج و کرێ. ئەو داهاتە کەمەش هێشتا کۆمپانیاکان بەشێکی تریان لێدەبری و دەیانشاردەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو رێژە کەمەش لەداهات کەبۆیان دەگەڕانەوە، دیسان بەشێکی تریشان لێدەبڕی لەبری ئەو قەرزانەی کەپێشەکی بەحکومەتی عێراقیان دابوو، سەرباری لادان لەبەندەکانی رێکەوتنامەکان، بەوەی لەبری ئاڵتون ودیناری عێراق بۆ مامەڵەکان کەدانرابوو لەفرۆشی پترۆڵدا، بەریتانیەکان گۆڕییان بەدراوی ئیستەرلینی خۆیان، ئەمەش زیانێکی تربوو کەبەر عێراقیەکان دەکەوت، چونکە نرخی دراوەکەی بەریتانیا خۆی بەکەمتر دایدەنا بەرامبەر دیناری عێراق لەوەی لەبازاڕدا هەبوو(فياض،٢٠١٢،ص١٥؛ الجشعمى،٢٠٢٢،ص٢١٤). بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١).

**هێڵکاری ژمارە (١)**


**هێڵکاری بڕی ناردەنی پترۆڵ بەتۆن و داهاتەکەی بەدیناری عێراق (١٩٣٩-١٩٤٥)**

رێژەی پترۆڵ بەتۆن



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پارەدان بەدینار




سەرباری هەموو ئەمانەش کەبەسەر کەرتی پترۆڵی عێراق و داهاتەکەیدا هات، بەشێکیش لەکارمەندەکانی هەمان کەرت لەکاتی جەنگەکەدا بوونە سەربازو کارەکەی خۆیان بەجێهێشت، ناردنی پترۆڵیش بۆ هەموو وڵاتانی جیهان وەستا جگە لەبەریتانیاو فەرەنسا. ئەمەش دەوڵەتانی دژە بەریتانیای بێبەشکرد لەدەسکەوتنی پترۆڵی عێراق و وایکرد بەهای راستەقینەی لەدەست بدات بەهۆی نەبوونی فرە کڕیارییەوە(فیاض، ٢٠١٢،ص١٥).

**ئەنجام:**

١- بوونی پترۆڵ و ناسینەوەو بەکارهێنانی لەخاکی عێراقدا مێژووییەکی کۆنی هەیەو لەسەرەتاکانی ژیانی مرۆڤەوە ئەم ووزەیان بەکارهێناوە، سەرباری ئەوەی سادەو ساکاریش بووە.

٢- لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە بەچڕی ئاماژە بەبوونی پترۆڵێکی زۆر کرا لەخاکی عێراقدا لەلایەن زاناو گەڕیدەوە ئەڵمانەکانەوە، کەلەهەندێك شوێندا لەشێوەی کانیاوو نافۆرە لەسەر زەوییەکە هەڵدەقوڵا، ئەمەش هۆکاری سەرەکی چاوتێبڕینی وڵاتانی داگیرکاربوو بۆ عێراق.

٣- هۆکاری داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاکانەوە لەجەنگی یەکەمی جیهاندا پشکی شێری بەر پترۆڵەکەی دەکەوێ، چونکە بەئاشکرا کاربەدەستانی ئەو وڵاتە باسی

بەرژەوەندییە ئابورییەکەنیان دەکرد لەخاکی میزۆپۆتامیادا، کەپێویستە دەستی بەسەردا بگرن.

٤- هەر پترۆڵیش بوو وای لەبەریتانیەکان کرد ویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان) بلکێنێ بەعێراقەوەو لەکێشمەکێشی- تورکیای دووربخاتەوە، چونکە بەریتانیەکان بڕوایان وابوو ویلایەتی موسڵی دەوڵەمەند بەپترۆڵ لەژێر دەستی پاشانیشینەکەی فەیسەڵدابێ کەخۆیان بۆیان دروستکردووە ئاسانتر دەتوانن مامەڵەی پێوە بکەن، وەك لەوەی لای کورد یا تورك بێ.

٥- پترۆڵی عێراق بووە مایەی راکێشان و سەرنجی کۆمپانیا پترۆڵیەکانی وڵاتانی بێگانەو کێشمەکێش و کێبڕکێیان لەدەستگەیشتن بەجیاووگی پترۆڵەکەی و پێشکەشکردنی چەندین رێکەوتنی راکێشانی هێڵی ئاسن و دروستکردنی بانکەکان و ... تاد لەو پێناوەدا، کەعێراقی دووچاری ململانێی توندکردەوە چ لەناوخۆیدا، یاخود نێوان کۆمپانیاکان.

٦- لەپێناوی بەردەوامیدان بەکۆنترۆڵکردنی پترۆڵەکەی، بەریتانیا چەندین رێکەوتنامەی سیاسی و ئاساییش و ئابوری لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا گرێدا، تەنانەت ساڵی ١٩٣٢ رازیبوو عێراق ببێ بەئەندامی کۆمەڵەی گەلانیش وەکو قۆناغێکی سەربەخۆ.

٧- بۆ یەکەمجارو وەکو یەکەمین وڵاتی ناوچەکە، پترۆڵ دەرهێنرا لەکێڵگەی باباگوڕو هەر عێراقیش وەکو یەکەمین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پترۆڵی ناردە دەرەوە بۆ فرۆشتن، سەرباری ئەوەی کۆمپانیا بیانیەکان سەروکاری ئەم پرۆسەیان دەکرد، بەڵام بووە مایەی دەسکەوتنی داهات و زیاتر بووژانەوەی وڵاتەکەی.

٨- پترۆڵ عێراق کەمەندکێشکرد بۆ ناو جەنگی دووەمی جیهانی، گەرچی بەفەرمیش رایگەیاندبوو بەشدار نابێ، بەڵام چاوتێبڕینی وڵاتانی شەڕکەر لەلایەك و بالادەستی بەریتانیاو ترسی لەدەسچوونی پترۆڵەکەی عێراق، پێکەوە عێراقیان کردە بەشێکی جەنگەکە، هەر ئەمەش وایکرد رووداوەکانی مایسی- ١٩٤١ بێتەکایەوە لەنێوان لایەنگرانی بەریتانیاو ئەڵمانیاو ئیتاڵیای شەڕکەری جەنگەکە.

٩- چەرخی بیستەم کەبەچەرخی زێڕینی دەرکەوتنی پترۆڵ ناسراوە، لەهەمان کاتیشدا کاریگەری قوڵی دروستکرد لەسەر کۆی هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکە بەعێراقیشەوە، بەشێوەیەك پترۆڵ نەبوایە مەحاڵ بوو رەوتی رووداوەکانی ناوخۆیی عێراق و دەرەوەشی بەو شێوەیە بکەونەوە، لەشۆڕشی ١٩٢٠وە بۆ رووداوە گۆڕانکارییەکانی دواتریش.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## ليستى سەرچاوەكان:


١- AL-Eyd, Khadim A.: Oil revenues and accelerated growth-Absorptive capacity in Iraq, America, Praeger publishers,1979

٢- خليل، نوري عبد الحميد: التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق (١٩٢٥-١٩٥٢)، بغداد، ١٩٨٠

٣- عبدالعزيز، دڵشاد عمر: نەوتی كەركوك و ململانێی زلهێزەكان (١٨٩٠- ١٩٢٧)ز، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركوك، ٢٠١١

٤- الريحاني، جرجيس: البترول، المؤسسة العربية للدراسات والنشر الشروق، د.م، د.ت

٥- اسماعيل، عبدالله: مفاوضات العراق النفطية ١٩٥٢- ١٩٦٨، دار اللام، لندن، ١٩٨٩

٦- https://en.wikipedia.org/wiki/Mesopotamia

٧- السماك، محمد ازهر: البترول العراقي بين السيطرة الاجنبية والسيادة الوطنية، دراسة تحليلية في الموارد الثروة الاقتصادية، وزارة الثقافة والاعلام العراقي، الموصل، ٨٠-١٩٨١

٨- السامرائي، كامل: القوانين الخاصة بالنفط، منشورات المكتبة الاهلية، بغداد، ١٩٦٨

٩- خليل، نوري عبد الحميد: التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق (١٩٢٥-١٩٥٢)، بغداد، ١٩٨٠

١٠- السماك، محمد ازهر: اقتصاد النفط والسياسة النفطية أسس والتطبيقات، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٧

١١- فيني، دايفد هه: بترول الصحراء ، ترجمة، اسماعيل الناظر، مؤسسة فرانكلين، نيوريوك، ١٩٦٠

١٢- منشورات البيان: دور إحتكار النفط الدولي في العراق، وهو الفصل الرابع من تقرير لجنة التجارة الاتحادية الامريكية عن احتكار النفط الدولي، مطبعة الرابطة، بغداد، ب،ت

١٣- العلوجي واللامي، عبد الحميد و خضير عباس: الاصول التاريخية للنفط العراقي ، طبعة دار الحرية، الجزء الاول، بغداد، ١٩٧٣

١٤- الفتلاوي والزبيدي، كامل علاوي وحسن لطيف: تاريخ الاقتصادي العراق، الجزء الرابع- التطورات الاقتصادية في ظل الحكم الملكي ١٩٢٢- ١٩٥٨، بيت الحكمة/ قسم الدراسات الاقتصادية، بغداد، ٢٠١٧

١٥- وزارة الاعلام، الحكومة العراقية تنذر شركات النفط وتعلن السياسة التقشف، مطبوعة الحكومة، بغداد، ١٩٧٢

١٦- عبد، سامر عياش: تاريخ المفاوضات بين العراق والشركات النفطية العاملة ١٩٢٣- ١٩٧٢، اطروحة دكتوراه غير منشورة، معهد التاريخ العربي والتراث العلمي، جامعة دول العربية، ٢٠١٣

١٧- بريماكوف، اليكسندر: نفط الشرق الاوسط والاحتكارات الدولية، ترجمة: بسام خليل، دار ألف باء للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٤

١٨- جبار، احمد جاسم: النفط ومستقبل التنمية في العراق، مؤسسة العراف للمطبوعات، بيروت، ٢٠١٠

١٩- علي، يحيى حمود حسن البو: ملامح السياسة النفطية في العراق، مجلة الاقتصاد الخليجي، العدد٥٥، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة البصرة، ٢٠١٥

٢٠- الفتلاوي والزبيدي، كامل علاوي، حسن لطيف: العراق تاريخ اقتصادي، ج٢، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠١٣

٢١- الجبوري، طه خلف محمد: موقف الاحزاب السياسية والقوة الوطنية من قضية النفط في العراق ١٩٥١- ١٩٦٨ (دراسة تاريخية)، كلية التربية، جامعة تكريت، ٢٠٠٥

٢٢- الموسوي، محسن: النفط العراقي دراسة وثائقية من منح الامتياز حتى التاميم، وزارة الاعلام، بغداد، ١٩٧٣

٢٣- حافظ، طالب حسين: النفط والسياسة في العراق، التاريخ- الامتيازات- الصراع- الاحتلال، دراسة سياسية استراتيجية، ط٢، دار الكتب العلمية للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠٢١

٢٤- الفتلاوي والزبيدي، كامل علاوي وحسن لطيف: تاريخ اقتصادي العراق، الجزء الثالث، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠١٢

٢٥- لونكريك، ستيفن همسلي: النفط في الشرق الاوسط، اكتشافه وتطوره، ط٣، ١٩٦٨

٢٦- سليمان، حكمت سامي: نفط العراق دراسة اقتصادية سياسية، بغداد، ١٩٧٩

٢٧- فوستر، هنري: نشأة العراق الحديث، ترجمة وتعليق سليم طه التكريتي، ج٢، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩

٢٨- Mejcher, Helmut, Empire Quest for Oil: Iraq 1910- 1928, London, Ithaca Press, 1976

٢٩- الحسني، عبدالرزاق: تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٢، ط٧، الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٨

٣٠- التكريتي، عبدالمجيد كامل: الملك فيصل الاول ودوره في تأسيس الدولة العراق الحديثة ١٩٢١- ١٩٣٣، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩١

٣١- العلواني، طه جابر: العراق الحديث بين الثوابت والمتغيرات، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، ٢٠٠١

٣٢- برجاس، حافظ: الصراع الدولي على النفط العربي، تقديم، محمد المجذوب، بيسان للنشر والتوزيع والاعلام، بيروت، ٢٠٠٠

٣٣- مار، فيبي: تاريخ العراق المعاصر العهد الملكي، ترجمة مصطفى نعمان احمد، د.ن، بغداد، ٢٠٠٦

٣٤- الفتلاوي والزبيدي، كامل علاوي وحسن لطيف: تاريخ الاقتصادي العراق، الجزء الرابع- التطورات الاقتصادية في ظل الحكم الملكي ١٩٢٢- ١٩٥٨، بيت الحكمة/ قسم الدراسات الاقتصادية، بغداد، ٢٠١٧

٣٥- عزيز، محمد: النظام السياسي في العراق، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٤٥

٣٦- جميل، حسين: العراق شهادة سياسية ١٩٠٨- ١٩٣٠، وزارة الثقافة، بغداد، ٢٠١٣

٣٧- عيساوي ويغانه، شارلس ومحمد: اقتصاديات النفط الشرق الاوسط، ترجمة حسن احمد السلمان، مكتبة المثنى، بغداد، ١٩٦٦

٣٨- بصري، مير: اعلام السياسة في العراق الحديث، ج١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥

٣٩- المعموري والجميلي، عبد على كاظم ومالك متعب: النفط والاحتلال في العراق، مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية، بغداد، ٢٠١١

٤٠- الحسني، عبدالرزاق: تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ط٧، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٨

٤١- Alnasrawi, Abbas, Iraq’s Burdens: Oil Sanctions and Underdevelopment (Westport, Conn; London Greenwood Press, 2002)

٤٢- العبوسي، محمد جواد: البترول في البلاد العربية، القاهرة، ١٩٥٥

٤٣- وهيم، طالب محمد: التنافس البريطاني- الامريكي على نفط الخليج العربي ١٩٢٨- ١٩٣٩، مطبعة الامة, بغداد، ١٩٨٢

٤٤- الكيالي١، عبد الوهاب: موسوعة السياسة, ج٢، المؤسسات العربية للدراسة والنشر، بيروت، د.ت.

٤٥- لجنة التجارة الاتحادية،: دور احتكار النفط الدولي في العراق، مطبعة الرابطة، بغداد، د.ت

٤٦- هادي، صفاقس قاسم: دراسة المرجعية للمراحل الاولى لاستكشاف النفط في العراق، مجلة أداب، كلية الاداب، جامعة بغداد، العدد (١٢٩) حزيران، ٢٠١٩

٤٧- الياسري، احمد جاسم جبار: النفط والمستقبل التنمية في العراق، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية الادارة والاقتصاد/ قسم الاقتصاد، جامعة الكوفة، العراق، ٢٠٠٩

٤٨- الجشعمي، غسان غازي يوسف،امتيازات شركات النفط في العراق ١٩٢٥-١٩٥٢، دراسة تاريخية، مجلة الباحث، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة كربلاء، عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثاني، أيار ٢٠٢٢

٤٩- Iraq, Republic of, Ministry of Oil: Iraqi Refineries Overview, 39th JCCP International Symposium, January 2021

٥٠- لونكريك، ستيف همسلي: العراق الحديث من ١٩٠٠- ١٩٥٠، تاريخ سياسي واجتماعي واقتصادي، ج١، ترجمة سليم طه التكريتي، دار الفجر للنشر والتوزيع، بغداد، ١٩٨٨

٥١- حسين، عادل: النفط من خلال الثورة التجربة العراقية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٧

٥٢- حسين، فاضل: كێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێڕانی محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩

٥٣- الجنابي، عبدالستار شنين: السياسة النفطية في العراق ١٩٦٨- ١٩٧٩، مجلة كلية التربية للبنات للعلوم الانسانية، كلية التربية للبنات، جامعة الكوفة، المجلد (١٦)، العدد (٣١)، ٢٠٢٤

٥٤- عبد الرضاء، نبيل جعفر: اقتصاد النفط، دار التراث العربي، العراق، ٢٠١١

٥٥- لطيف، حسن: النفط العراقي والسياسة النفطية في العراق والمنطقة في ظل الاحتلال الامريكي، رؤية مستقبلية، مركز العراق للدراسات، م.ن، ٢٠٠٧

٥٦- البزاز، عبدالرحمان: العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، ط٢، بغداد، ١٩٦٧

٥٧- Funkhouser. Richard: The Petroleum of Near Eastern Oil, Francisco Parra, Oil Politics, A Modern History of Petroleum, London I. B. Tauris, 2021

٥٨- نظمي وأخرون، وميض جمال عمر وأخرون: التطور السياسي المعاصر في العراق، جمهورية العراق، وزارة التعليم والبحث العلمي، بغداد، م.ت

٥٩- العبيدي وأخرون، ابراهيم: تأريخ العراق قديما وحديثا، د.ن، بغداد، ١٩٩٨

٦٠- كامبل وأخرون، كولن: نهاية عصر البترول، ترجمة عدنان عباس علي، عالم المعرفة، العدد (٣٠٧)، الكويت، ٢٠٠٤

٦١- السعدي، عباس فاضل: جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية، ط٢، دار الجامعة للطباعة والنشر والترجمة، بغداد، ٢٠٠٩

٦٢- نجم الدين، نجيب: نشوء وتطور شركات النفطية الوطنية في اقطار (اوبك) والمشاكل التى تواجهها، مجلة النفط والتنمية، العدد (٥)، بغداد، ١٩٨٦

٦٣- السامرائي، توفيق خلف: المساعي العربية لتوحيد السياسة النفطية ١٩٥٩-١٩٧٢، دار الكتب والوثائق، بغداد، ٢٠٠٠

٦٤- الحسني، عبدالرزاق: تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، ط٧، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٨
٦٥- الشرع، رحيم خلف كاظم: الاستثمارات النفطية في العراق ١٩٣٩- ١٩٥٨، مجلة إكليل للدراسات الانسانية، العدد (١٠)، حزيران ٢٠٢٢
٦٦- الدوري، اسامة عبدالرحمن: تطور السياسة النفطية في العراق ١٩٥٢- ١٩٦٣، د.ن، بغداد، ٢٠٠٣
٦٧- العمري، خيري أمين: الشهيد محمد يونس السبعاوي، أحد قادة حركة مايس ١٩٤١ في العراق حياته محاكمته واعدامه، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٨
٦٨- محمود، فواز حماد: اثر النفط على الاوضاع الاقتصادية في العراق ١٩١٨-١٩٤٥، مجلة الانبار للعلوم الانسانية، العدد (١)، مجلد (١)، ٢٠٢٠
٦٩- تريب، تشارلز: صفحات من تاريخ العراق، بحث موثق في تاريخ العراق منذ نشوء الدولة الحديثة حتى أواسط ٢٠٠٢، ترجمة زينة جابر ادريس، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٦
٧٠- ياغي ، اسماعيل احمد: تطور الحركة الوطنية العراقية ١٩٤١-١٩٥٢، بغداد ، ١٩٧٩
٧١- ستورك، جو: ازمة الطاقة في الولايات المتحدة ونفط الشرق الاوسط ، دار ابن خلدون للطباعه والنشر ، بيروت ، ١٩٧٤
٧٢- أمين، سرمد عبدالستار: القوى العظمى المهيمنة، مركز الدراسات الدولية/ قسم الدراسات الاستراتجية، العدد (٣)، بغداد، ٢٠٠٣
٧٣- مهدي والشيخ، صلاح مصري محمد و عبدالمنعم عبدالعزيز: اقتصاديات البترول، كلية العلوم الادارية والاقتصادية والاجتماعية، جامعة غرب كردفان، السودان
٧٤- فياض، حسن رشك: السياسة النفطية في العراق- محددات الاستثمار الوطني، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية التربية (معهد المعلمين)، جامعة بغداد، ٢٠١٢

This list is about:

1- AL-Eyd, Khadim A.: Oil revenues and accelerated growth-Absorptive capacity in Iraq, America, Praeger publishers, 1979
2- Khalil, Nouri Abdul Hamid: The Political History of Oil Concessions in Iraq (1925-1952), Baghdad, 1980
3- Abd al-Aziz, Deshaad Omar: The Nahuti of Kirkuk and the Malamani of Zalhizakan (1890-1927), Chakhaneh Shahid Ezad Hahorrami, Kirkuk, 2011.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

4- Al-Rihani, Zarzis: Petroleum, Arab Foundation for Studies and Publishing, Al-Shorouk, D.M., D.T
5- Ismail, Abdullah: Iraq oil negotiations 1952-1968, Dar Al-Laam, London, 1989
6- https://en.wikipedia.org/wiki/Mesopotamia
7- Al-Sammak, Muhammad Azhar: Iraqi Oil Between Foreign Control and National Sovereignty: An Analytical Study of Economic Resources, Iraqi Ministry of Culture and Information, Mosul, 1980-1981
8- Al-Samarrai, Kamil: Laws Concerning Oil, Publications of the National Library, Baghdad, 1968
9- Khalil, Nuri Abdul Hamid: The Political History of Oil Concessions in Iraq (1925-1952), Baghdad, 1980
10- Al-Sammak, Muhammad Azhar: The Economics of Oil and Oil Policy: Foundations and Applications, Dar Al-Kutub for Printing and Publishing, Mosul, 1987
11- Feeney, David Heh: Desert Oil, translated by Ismail Al-Nadhir, Franklin Institution, New York, 1960
12- Al-Bayan Publications: The Role of International Oil Monopolies in Iraq, Chapter Four of the Federal Trade Commission Report American on International Oil Monopolies, Al-Rabita Press, Baghdad, n.d.
13- Al-Alouji and Al-Lami, Abdul Hamid and Khudair Abbas: The Historical Origins of Iraqi Oil, Dar Al-Hurriya Edition, Part One, Baghdad, 1973
14- Al-Fatlawi and Al-Zubaidi, Kamil Alawi and Hassan Latif: The Economic History of Iraq, Part Four - Economic Developments under the Monarchy 1922-1958, Bayt Al-Hikma/Department of Economic Studies, Baghdad, 2017
15- Ministry of Information, The Iraqi Government Warns Oil Companies and Announces Austerity Policy, Government Publication, Baghdad, 1972
16- Abd, Samer Ayash: The History of Negotiations between Iraq and Operating Oil Companies 1923-1972, Unpublished Doctoral Dissertation, Institute of Arab History and Scientific Heritage, League of Arab States, 2013

17- Primakov, Alexander: Middle Eastern Oil and International Monopolies, Translated by: Bassam Khalil, Dar Alif Baa for Printing, Publishing and Distribution, Beirut 1984
18- Jabbar, Ahmed Jassim: Oil and the Future of Development in Iraq, Al-Araf Foundation for Publications, Beirut, 2010
19- Ali, Yahya Hammoud Hassan Al-Bou: Features of Oil Policy in Iraq, Gulf Economics Journal, Issue 55, College of Administration and Economics, University of Basra, 2015
20- Al-Fatlawi and Al-Zubaidi, Kamel Alawi, Hassan Latif: Iraq: An Economic History, Vol. 2, House of Wisdom, Baghdad, 2013
21- Al-Jubouri, Taha Khalaf Muhammad: The Position of Political Parties and National Forces on the Oil Issue in Iraq 1951-1968 (A Historical Study), College of Education, University of Tikrit, 2005
22- Al-Moussawi, Mohsen: Iraqi Oil: A Documentary Study from Granting Concessions to Nationalization, Ministry of Information, Baghdad, 1973
23- Hafez, Talib Hussein: Oil and Politics in Iraq: History - Concessions - Conflict - Occupation, A Strategic Political Study, 2nd ed., Dar Al-Kutub Al-Ilmiya for Printing, Publishing and Distribution, Baghdad 2021
24- Al-Fatlawi and Al-Zubaidi, Kamil Alawi and Hassan Latif: An Economic History of Iraq, Part Three, Bayt Al-Hikma, Baghdad, 2012
25- Longrigg, Stephen Hemsley: Oil in the Middle East: Its Discovery and Development, 3rd ed., 1968
26- Suleiman, Hikmat Sami: Iraqi Oil: A Political and Economic Study, Baghdad, 1979
27- Foster, Henry: The Emergence of Modern Iraq, translated and annotated by Salim Taha Al-Tikriti, Vol. 2, Dar Al-Shu'un Al-Thaqafiya Al-'Amma, Baghdad, 1989
28- Mejcher, Helmut, Empire Quest for Oil: Iraq 1910-1928, London, Ithaca Press, 1976

29- Al-Hassani, Abdul-Razzaq: A Political History of Modern Iraq, Vol. 2, 7th ed., Al-Rafidain for Printing, Publishing and Distribution, Beirut, 2008

30- Al-Tikriti, Abdul-Majid Kamil: King Faisal I and His Role in Establishing the Modern Iraqi State 1921-1933, General Cultural Affairs House, Baghdad, 1991

31- Al-Alwani, Taha Jaber: Modern Iraq Between Constants and Variables, Arab Diffusion Foundation, Beirut, 2001

32- Burjas, Hafez: The International Struggle for Arab Oil, Introduction by Muhammad Al-Majdhub, Bissan Publishing, Distribution and Media, Beirut, 2000

33- Marr, Phoebe: A History of Contemporary Iraq: The Monarchy, Translated by Mustafa Numan Ahmad, n.p., Baghdad, 2006

34- Al-Fatlawi and Al-Zubaidi, Kamil Alawi and Hassan Latif: An Economic History of Iraq, Part Four - Economic Developments under the Monarchy 1922-1958, House of Wisdom/Department of Economic Studies, Baghdad, 2017

35- Aziz, Muhammad: The Political System in Iraq, Al-Maaref Press, Baghdad, 1945

36- Jamil, Hussein: Iraq: A Political Testimony 1908-1930, Ministry of Culture, Baghdad 2013

37- Issawi, Wigan, Charles, and Muhammad: The Economics of Oil in the Middle East, translated by Hassan Ahmed Al-Salman, Al-Muthanna Library, Baghdad, 1966

38- Basri, Mir: The Media of Politics in Modern Iraq, Vol. 1, Dar Al-Hikma, London, 2005

39- Al-Maamouri, Abdul Ali Kadhim, and Malik Mutab Al-Jumaili: Oil and the Occupation in Iraq, Hammurabi Center for Research and Strategic Studies, Baghdad, 2011

40- Al-Hassani, Abdul-Razzaq: A History of Iraqi Ministries, Vol. 1, 7th ed., Dar Al-Shu'un Al-Thaqafa Al-'Amma, Baghdad, 1988

41- Al-Nasrawi, Abbas, Iraq’s Burdens: Oil Sanctions and Underdevelopment (Westport, Conn.; London Greenwood Press, 2002(

42- Al-Abousi, Muhammad Jawad: Petroleum in the Arab Countries, Cairo, 1955

43- Wahim, Talib Muhammad: The British-American Rivalry over Arabian Gulf Oil 1928-1939, Al-Umma Press, Baghdad, 1982
44- Al-Kayyali, Abd al-Wahhab: Encyclopedia of Politics, Vol. 2, Arab Institutions for Study and Publishing, Beirut, n.d.
45- Federal Trade Committee: The Role of the International Oil Monopoly in Iraq, Al-Rabita Press, Baghdad, n.d.
46- Federal Trade Commission: The Role of International Oil Monopolies in Iraq, Al-Rabita Press, Baghdad, n.d.
47- - Hadi, Safaq Qasim: A Reference Study of the Early Stages of Oil Exploration in Iraq, Journal of Arts, College of Arts, University of Baghdad, Issue (129), June 2019
48- Al-Yasiri, Ahmed Jassim Jabbar: Oil and the Future of Development in Iraq, Unpublished Master's Thesis, College of Administration and Economics/Department of Economics, University of Kufa, Iraq, 2009
49- Al-Jashami, Ghassan Ghazi Yousef: Oil Companies' Concessions in Iraq 1925-1952, A Historical Study, Al-Bahith Journal, College of Education for Human Sciences, University of Karbala, Special Issue for the Second International Scientific Conference, May 2022
50- Iraq, Republic of, Ministry of Oil: Iraqi Refineries Overview, 39th JCCP International Symposium, January 2021
51- Longrigg, Steve Hemsley: Modern Iraq from 1900- 1950, Political, Social and Economic History, Part 1, translated by Salim Taha Al-Tikriti, Dar Al-Fajr for Publishing and Distribution, Baghdad, 1988.
52- Hussein, Adel: Oil through the Revolution, the Iraqi Experience, Arab Foundation for Studies and Publishing, Beirut, 1977.
53- Hussein, Fadil: Kisheh Velayati Mosaf, and Harghani Mohamed Shakheli, Chakhana Khak, Soleimani, 1999.
54- Al-Janabi, Abdul Sattar Shanin: Oil Policy in Iraq 1968-1979, Journal of the College of Education for Girls for Humanities, College of Education for Girls, University of Kufa, Volume (16), Issue (31), 2024
55- Abd al-Rida, Nabil Jaafar: Oil Economy, Arab Heritage House, Iraq, 2011
56- Latif, Hassan: Iraqi Oil and Oil Policy in Iraq and the Region under the American Occupation: A Future Vision, Iraq Center for Studies, op. cit., 2007

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

57- Al-Bazzaz, Abdul Rahman: Iraq from Occupation to Independence, 2nd ed., Baghdad, 1967

58- Funkhouser. Richard: The Petroleum of Near Eastern Oil, Francisco Parra, Oil Politics, A Modern History of Petroleum, London I. B. Tauris, 2021

59- Nazmi et al., Wamid Jamal Omar et al.: Contemporary Political Development in Iraq, Republic of Iraq, Ministry of Higher Education and Scientific Research, Baghdad, n.d.

60- Al-Ubaidi et al., Ibrahim: The History of Iraq, Ancient and Modern, n.p., Baghdad, 1998

61- Campbell et al., Colin: The End of the Oil Age, translated by Adnan Abbas Ali, Alam Al-Ma'rifah, Issue (307), Kuwait, 2004

62- Al-Saadi, Abbas Fadel: The Physical, Economic, and Human Geography of Iraq, 2nd ed., Dar Al-Jami'a for Printing, Publishing, and Translation, Baghdad, 2009

63- Najm Al-Din, Najib: The Emergence and Development of National Oil Companies in OPEC Countries and the Problems They Face, Oil and Development Magazine, Issue (5), Baghdad, 1986

64- Al-Samarrai, Tawfiq Khalaf: Arab Efforts to Unify Oil Policy 1959-1972, Dar al-Kutub wa al-Watha'iq, Baghdad, 2000

65- Al-Hassani, Abdul-Razzaq: History of Iraqi Ministries, Vol. 6, 7th ed., Dar al-Shu'un al-Thaqafa al-'Amma, Baghdad, 1988

66- Al-Shara', Rahim Khalaf Kadhim: Oil Investments in Iraq 1939-1958, Ikleel Journal for Human Studies, Issue (10), June 2022

67- Al-Douri, Osama Abdul-Rahman: The Development of Oil Policy in Iraq 1952-1963, n.p., Baghdad, 2003

68- Al-Omari, Khairi Amin: Martyr Muhammad Yunus al-Saba'awi, One of the Leaders of the May 1941 Movement in Iraq: His Life, Trial, and Execution, Dar al-Arabia for Encyclopedias, Beirut, 2008

69- - Mahmoud, Fawaz Hammad: The Impact of Oil on Economic Conditions in Iraq 1918- 1945, Anbar Journal of Humanities, Issue (1), Volume (1), 2020

70- Tripp, Charles: Pages from the History of Iraq, a documented study of the history of Iraq from the emergence of the modern state until mid-2002, translated by Zeina Jaber Idris, Arab House for Sciences, Beirut, 2006

71- Yaghi, Ismail Ahmed: The Development of the Iraqi National Movement 1941-1952, Baghdad, 1979

72- Stork, Joe: The Energy Crisis in the United States and Middle Eastern Oil, Ibn Khaldoun House for Printing and Publishing, Beirut, 1974

73- Amin, Sarmad Abdul-Sattar: The Dominant Great Powers, Center for International Studies/Department of Strategic Studies, Issue (3), Baghdad, 2003

74- Mahdi and Al-Sheikh, Salah Masri Muhammad and Abdul-Munim Abdul-Aziz: Petroleum Economics, College of Administrative, Economic and Social Sciences, University of West Kordofan, Sudan

75- Fayyad, Hassan Rashk: Oil Policy in Iraq - Determinants of National Investment, Unpublished Master's Thesis, College of Education (Teachers' Institute), University of Baghdad, 2012